# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زاییـنـی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠)　　٢٧٢٤ی کــوردی　　٢٠٢٤ی زاینـــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**　　ISSN: 2520-4106　　http;//gov.krd/ka

# مێژووی سەرهەڵدانی کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا

معطسم احمد حمدامین

وەزارەتی پەروەردە- پەروەردەی کۆیە

moatasama.hamadameen@gmail.com

پ.ی.د.ئازاد محمد سەعید

بەشی کوردی/فەکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە

Azad.Mohammmed@koyauniversity.org

**پوختە:**

چیرۆکی هونەری، مێژووی سەرهەڵدانی لە سەر ئاستی جیهان بۆ دوو سەدە، و لە سەر ئاستی کوردستانیش بۆ سەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، هەرچەندە گێڕانەوە، مێژوویەکی کۆنتری هەیە، بەڵام مێژووی چیرۆکی هونەری نوێیە. چیرۆک چەشن و ژانرە سەرەکییەکەی گێڕانەوەیە، ئەم چەشنە ئەدەبییە ژێرچەشنی دیکەی وەکو چیرۆکی درێژ و کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆک و چیرۆکی زۆر کورت و... هتد هەیە. لە ئەدەبی کوردیدا سەرهەڵدان و هاتنەکایەی هەر یەك لە کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆک وەك تەواوی ئەدەبی دونیا لە دوو کاتی جیاواز سەریان هەڵداوە، هەر یەك لەم هونەرانە بە کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەیی فۆلکلۆر و ئەدەبی وەرگێڕدراوی بێگانە هاتوونەتە کایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەر یەك لەم ژێرچەشنە ئەدەبییانەی گێڕانەوە و بنیات و بنەمای هونەری تایبەت بە خۆیان هەیە، کە ناسنامەی جیاوازی هەر یەکێکیانە. یەکەمین کورتە چیرۆکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە، ژیان)دا لە ساڵی ١٩٢٥دا بڵاو کراوەتەوە و یەکەمین کورتیلە چیرۆکیش (هاوار هەبە گازی ل دوویە)ی (قەدری جان)ە، لە ١٩٣٢ لە گۆڤاری (هاوار) بڵاو کراوەتەوە و مێژوویەکی گرنگی کورتیلە چیرۆکی تۆمار کردووە.

کلیلەوشە: مێژووی چیرۆک، کورتە چیرۆک، کورتیلە چیرۆک، بنەمای هونەری

**پێشەکی:**

چیـڕۆک چەشـن و ژانـرە سـەرەکییەکەی گێڕانەوەیـە، بـەڵام ئـەم چەشـنە ئەدەبییـە ژێرچەشـنی دیکـەی وەکـو چیڕۆکـی درێـژ و کورتـە چیـڕۆک و کورتیلـە چیـڕۆک و چیڕۆکـی زۆر زۆر کـورت و..هتـدی هەیـە، لـە ئەدەبـی کوردیـدا مێـژووی سـەرهەڵدان و هاتنەکایـەی هـەر یـەك لـە کورتـە چیـڕۆک و کورتیلـە چیـڕۆک وەك تـەواوی ئەدەبـی دونیـا لـە دوو کاتـی جیـاوازدا سـەریان هەڵـداوە، هـەر یـەك لـەم هونەرانـە بـە کاریگەریـی ئەدەبـی نەتەوەیـی فۆلکلـۆر و ئەدەبـی وەرگێـڕدراوی بێگانـە هاتوونەتـە کایـەوە، ئـەم توێژینەوەیـە تایبەتـە بـە مێـژووی سـەرهەڵدان و گەشەسـەندنی کورتـە چیـڕۆک و کورتیلـە چیڕۆکـی کـوردی، لەگـەڵ ئەمەشـدا بـاس لـە سـەرهەڵدانی ئـەم دوو ژێرچەشـنە ئەدەبییە لەسـەر ئاسـتی جیهـان و ناوچەکەشـدا کـراوە و تـا چ ئاسـتێك کاریگەرییـان لـە سـەر سـەرهەڵدانیان لـە ئەدەبـی کوردیـدا هەبـووە، لەپـاڵ لایەنـە مێژووییەکـەدا یەکەمیـن دەرکەوتنەکانـی زاراوەکانـی چیـڕۆک و کورتـە چیـڕۆک و کورتیلـە چیـڕۆک دەرخـراون و هـەر یەکەیـان بـۆ سـەردەمی سـەرهەڵدانیان گەڕێنراونەتـەوە، یەکەمیـن بەکارهێنانـی زاراوەی چیـڕۆک لەسـەر ڕووپـەڕی نـووسراودا بـۆ سـاڵی ١٨٩٣ دەگەڕێتـەوە کـە لـە فەرهەنگێکـی کوردی-عەرەبیـدا بـەکار هێـنراوە. کورتـە چیـڕۆك و کورتیلـە چیـڕۆک هەریەکەیـان پێناسـە و چەمکـی جیـای خۆیـان هەیـە، هەروەهـا چەنـد بنەمایەکـی هونـەری سـەرەکییش هـەن کـە جیـاکاری لـە نێوانیانـدا دەکات و ئـەو بنەمـا هونەرییانـە وەکـو ناسـنامەن بـۆ ئـەو ژێرچەشـنە ئەدەبییانـە.

**ناونیشـانی توێژینەوەکـە:** مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتـە چیـڕۆک و کورتیلـە چیـڕۆک لـە ئەدەبـی کوردیـدا.

**گرینگـی توێژینەوەکـە:** گرنگیـی توێژینەوەکـە لەوەدایـە کـە بـۆ یەکەمیـن جـارە دوو جـۆر ژێرچەشـنی ئەدەبـی سـەر بـە یـەك ڕەگـەز لـە ڕووی مێژووییـەوە سـەرنج دەخرێتـە سـەر دەرکەوتـن و ڕەوتـی گەشەسـەندنیان، هەروەهـا کورتـە چیـڕۆک و کورتیلـە چیڕۆکـی جیهانـی و ناوچەکـە و کاریگەرییـان لەسـەر سـەرهەڵدانی کورتـە چیـڕۆک و کورتیلـە چیڕۆکـی کـوردی ئامـاژەی بـۆ کـراوە و سـەرنج خراوەتـە سـەر یەکەمیـن دەرکەوتنەکانیـان لـە ڕووی چەمـك و زاراوە و هەروەهـا ئامـاژە بـە یەکەمیـن بەرهەمەکانیـان و داهێنەرەکانیـان کـراوە، هەروەهـا بـە شـێوەیەکی تایبەتـی بـە بنەمـا و بنیاتـی هونـەری جیـاکاری لـە نێوانیانـدا کـراوە و هـەر یەکەیـان بنەمـا هونەرەکانیـان دەرخـراون، لەگـەڵ ئەمەشـدا ئـەم توێژینـەوە لاکردنەوەیـە لـە بەشـێکی گرینگـی مێـژووی ئەدەبـی کـوردی ئەویـش مێـژووی چیڕۆکـە، وەك بەشـێکی گرنگـی پەخشـان تێکـەڵ بـە لقـە سـەرەکییەکەی ئەدەبیـات دەبێتـەوە.

**سـنووری توێژینەوەکـە:** ئـەم توێژینەوەیـە سـنوورەکەی مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتـە چیـڕۆک و کورتیلـە چیڕۆکـی کوردییـە.

**ڕێبـازی توێژینەوەکـە:** ڕێبازێکـی مێژوویـی وەسـفییە، زیاتـر بـە ناخـی مێـژوودا چۆتـە خـوارەوە و بـۆ دەستنیشـانکردنی یەکەمیـن بەرهەمـە هونەرییەکانـی کورتـە چیـڕۆک و کورتیلـە چیڕۆکـی کـوردی وەك دوو ژێرچەشـنی ئەدەبـی سـەر بـە بەرهەمـی گێڕانەوەئامێـزی ڕەگـەزی چیـڕۆک.

**پێکهاتـەی توێژینەوەکـە:** ئـەم توێژینەوەیـە لـە دوو بـەش پێـك دێـت، بەشـی یەکـەم تایبەتـە بـە مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتـە چیـڕۆک، ئەمیـش لـە دوو تـەوەرە پێـك هاتـووە، لـە تـەوەرەی یەکەمـدا باسـی مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتـە چیـڕۆک لەسـەر ئاسـتی جیهـان و ناوچەکـە و کوردسـتاندا کـراوە، لـە تـەوەری دووەمیشـدا بـاس لـە چەمـك و زاراوە و پێناسـە و بنەمـا هونەرییەکانـی کورتـە چیـڕۆک کـراوە. بەشـی دووەمیـش تایبەتـە بـە کورتیلـە چیـڕۆک و لـە دوو تـەوەرە پێك هاتـووە و لـە تـەوەری یەکەمـدا باسـی مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتیلـە چیـڕۆک کـراوە لەسـەر ئاسـتی جیهـان و ناوچەکـە و کوردسـتاندا، لـە تـەوەرەی دووەمیشـدا بـاس لـە زاراوە و چەمـك و پێناسـە و بنەمـا هونەرییەکانـی کورتیلـە چیـڕۆک کـراوە. لـە کۆتاییشـدا ئەنجامێـک و لیسـتی سـەرچاوەکان دانـراون لەگـەڵ پوختـەی باسـەکە بـە زمانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی.

## بەشـی یەکـەم: زاراوەو چەمـك و مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتـە چیـڕۆک

### تـەوەرەی یەکـەم: زاراوە و چەمـک و پێناسـە و بنەمـای هونەریـی کورتـە چیـڕۆک

**١-١ زاراوەی کورتە چیرۆک**

زاراوەی چیـــرۆک وشـــەیەکی دارێـــژراوە، لـــە (چیـــر+ ئـــۆک) پێـــک هاتـــووە، وشـــەی (چیـــر) لەگـــەڵ وشـــەکانی چڕیـــن و چیـــڕە هاوڕیشـــەیە، بنەڕەتـــی وشـــەکە دەگەڕێتـــەوە ســـەر وشـــەی پرۆتۆ-ئێرانـــی KarH کارە، بەواتـــای ئاهەنـــگ گێـــڕان، پیاهەڵگوتـــن، لـــە ئاڤێســـتایش بـــە هەمـــان واتـــا دێـــت، هەروەهـــا لـــە زمانـــی ســـاریقەڵایی cir چیـــر، بەواتـــای گۆرانـــی و لـــە سانســـکریتی kar کار، واتـــا ئاهەنـــگ گێـــڕان، پێداهەڵگوتـــن دێـــت، هەروەهـــا چیـــر، بـــە هەمـــان شـــێوەی چیـــڕە، چریکـــە و چڕیـــن دێـــت. هەروەهـــا پاشـــگری (-ئـــۆک یـــان -ۆک) بـــۆ بچوککردنـــەوە بـــەکار دێـــت، کەواتـــە، واتـــای وشـــەی چیـــرۆک بـــە ســـەر یەکـــەوە دەبێتـــە گێڕانـــەوەی کـــورت، یـــان پێداهەڵگوتنـــی کـــورت، هـــۆکاری ئـــەوەی بـــە چیـــرۆک دەنووســـرێـــت، ئەوەیـــە بـــۆ یەکەمیـــن جـــار کـــە لـــە نووســـینی کرمانجیـــدا هاتـــووە و بـــە چیـــرۆک نـــووسراوە (هەرشـــەمی، ٢٠٢٢: ١٠٣٧- ١٠٣٨)، کەواتـــە چیـــرۆک واتـــا گێڕانـــەوەی دەقێـــک بنیاتێکـــی هونـــەری هەبێـــت.

زاراوەی چیـــرۆک کـــە لـــە کتێـــب و نووسراوانـــدا هاتبێـــت بـــۆ یەکەمیـــن جـــار وەک زاراوەیەکـــی بـــاو بـــۆ زاراوەی حیکایـــەت ســـوودی لـــێ وەرگیـــراوە و بـــەکار هێـــنراوە؛ لـــە فەرهەنگێکـــی کـــوردی - عەرەبیـــدا کـــە لـــە ســـاڵی ١٨٩٣ لـــە ئەســـتەمبوڵ چـــاپ کـــراوە بـــە نـــاوی (الهدیـــة الحمیدیـــة في اللغـــة الكردیـــة) لـــەم فەرهەنگـــەدا وشـــەی چیـــرۆک ئـــاوا شـــی کراوەتـــەوە: "الحكایـــات والقصـــص و حاكیهـــا چیرۆکڤـــان" (الخالـــدی المقدســـی، ١٣١٠: ٨٥). لێـــرەدا وشـــەی چیـــرۆک کـــە بەرانبـــەری حیکایـــەت هاتـــووە، بـــۆ داســـتان و حیکایەتـــی زارەکـــی نەنـــووسراو بـــەکار هاتـــووە، چیرۆکڤانیـــش ئاماژەیـــە بـــۆ کەســـێک کـــە گێڕەرەوەیـــە و هەڵســـوکەوت و ســـەروکاری لەگـــەڵ گێڕانـــەوەی حیکایەتـــدا هەیـــە.

زاراوەی چیـــرۆک، یەکەمیـــن جـــار و لەســـەرەتادا کـــە بـــۆ بەرهەمێکـــی ئەدەبـــی بـــەکار هاتبێـــت. لـــە ســـاڵی ١٩١٣ بـــووە لـــە ڕووپـــەڕی گۆڤـــاری (ڕۆژی کـــورد) لـــە ژمـــارە (٢، ١) دا، بەرهەمێکـــی (فوئـــاد تەمـــۆ) بـــڵاو کراوەتـــەوە، هەرچەنـــدە نازانرێـــت ئـــەم زاراوەیـــە لـــە لایـــەن خـــودی نووســـەرەکەوە، یـــان نووســـەران و کار بەڕێکەرانـــی گۆڤارەکـــە بـــە ســـەر ئـــەم بەرهەمـــەدا بـــڕاوە، هەروەهـــا گومـــان دەکرێـــت ڕۆژنامـــە و گۆڤارەکانـــی دواتریـــش بەبـــێ لێکجیاکردنـــەوەی ژانـــرەکان ئـــەم زاراوەیـــان لـــەم بەکارهێنانـــەوە بـــۆ بەرهەمـــە گێڕدراوەکانـــی دیکـــە بـــەکار هێنابێـــت، بۆیـــە بەهـــۆی ئـــەم بەکارهێنانـــەوە (تەمـــۆ) لـــە نێـــو مێـــژووی ئەدەبـــی کوردیـــدا نـــاوی چووەتـــە ریـــزی ڕابـــەر و پێشـــەنگەکانی کاروانـــی ئەدەبـــی کـــوردی و بەتایبەتـــی لـــە دوای هاتنەکایـــەی ڕۆژنامەگەریـــی کـــوردی و گەشەســـەندنی پەخشـــانی کـــوردی، هـــەروەك (محمـــد خـــزری ئەقـــدەم) لـــە پەراوێـــزی وەرگێڕانـــی کتێبەکـــەی شـــاکەلیدا دەڵێـــت: (تەمـــۆ) بـــە نووســـینی یەکەمیـــن کورتـــە چیرۆکـــی کـــوردی نازنـــاوی (باوکـــی کورتـــە چیرۆکـــی کـــوردی) پێـــی بەخـــشراوە (شـــاکەلی، ٢٠٢٠: ٣٦-٣٧)، هەرچەنـــدە بابەتەکـــەی (تەمـــۆ) بـــێ ناونیشـــانە و تەنهـــا لەســـەری نـــووسراوە (چیـــرۆک)، بـــەڵام لـــە هەمـــان کاتـــدا ئـــەوی کـــردە سەردەســـتەی بەرهەمـــی گێڕانـــەوەی نـــووسراوی هونـــەری کـــوردی.

لـــە ئەدەبـــی کوردیـــدا کێشـــەی زاراوە هەیـــە، بۆیـــە لێـــرەدا بـــەر لـــەوەی باســـی زاراوەی کورتـــە چیـــرۆک بکەیـــن، وا بـــە باشـــی دەزانیـــن ئاماژەیـــەک بـــە کێشـــەی زاراوەکـــە بکرێـــت، لـــە ئەدەبـــی کوردیـــدا زۆربـــەی جـــار چیـــرۆک و چیرۆکـــی درێـــژ و کورتـــە چیـــرۆک تێکـــەڵ دەکرێـــن و لـــە ڕووی شـــێوە و ناوەڕۆکـــەوە لێکـــدی جیـــا ناکرێنـــەوە، لەگـــەڵ ئەمەشـــدا زاراوەکانـــی وەکـــو چیـــرۆک و کورتـــە چیـــرۆک و گێڕانـــەوە بـــۆ چەشـــنە ئەدەبـــی چیـــرۆک بـــەکار هێـــنراون، واتـــا چیـــرۆک بـــۆ هەمـــوو جۆرێکـــی ســـەرەکیی ئەدەبـــی گێڕانەوەیـــی خەیاڵـــی چیـــرۆک بـــەکار هێـــنراوە، ئـــەم جیاکارییـــە لـــە ئەدەبـــی کوردیـــدا کێشـــەی تیـــۆری بـــۆ زاراوەکان هێناوەتـــە کایـــەوە، چونکـــە "چیرۆکـــی کـــوردی جۆرێکـــی ئەدەبییـــە و کۆمەڵێـــک جـــۆری تـــر یـــان ژێـــر جـــۆری تـــری لـــێ دەبێتـــەوە، هەمـــووی ســـەر بـــە ئەدەبـــی چیرۆکـــن Fiction، واتـــا ئـــەو جـــۆرەی ئەدەبـــی بنیاتـــی لەســـەر گێڕانەوەیـــە، ژێـــر چەشـــنەکانی ئەمانـــەن لـــە زمانـــی ئینگلیـــزی بەرانبـــەر بـــە Story چیـــرۆک و بەرانبـــەر بـــە Short story کورتـــە چیـــرۆک، بەرانبـــەر Short Short story چیرۆکـــی زۆر کـــورت - مـــان هەیـــە، دەشـــێ لـــە کـــوردی فۆرمـــی تریشـــی هەبـــێ وەک کورتـــە چیرۆکـــی کـــورت، کورتیلـــە چیرۆک"(عومـــەر، ٢٠٢٢: ٣)، هـــەر لـــەم بارەیـــەوە (بەختیـــار ســـەجادی) هەســـتی بـــەو جیـــاوازی و تێکەڵییـــە کـــردووە و وەکـــو دیاردەیەکـــی

نەرێنــی تیــۆری لــە بابــەت ئــەم زاراوانــەوە دەریدەخــات و دەڵێــت: "لــە باشــووردا بــە کورتــە چیــرۆک دەڵێــن چیــرۆک، کــە دیــارە ئەمــە دروســت نییــە، چونکــە کورتــە چیــرۆک ژێــر چەشــنە و بــۆ خــۆی لــە خانەیەکــی گەورەتردایــە بەنــاوی چیــرۆک، یــان ئەدەبــی چیــرۆک Fiction"(ســەجادی، ٢٠١٩: ٢).

لێــرەدا دەردەکەوێــت زاراوەی چیــرۆک بــە ســەر بەشــێکی ئەدەبــی گێرانەوەیــدا بــراوە، هەرچەنــدە چیــرۆک خــۆی لقــە ســەرەکییەکەیە و جــۆرە ڕەگــەز و چەشــنێکی ئەدەبییــە، ئــەوا زاراوەکانــی دیکــەی وەکــو کورتــە چیــرۆک، کورتیلــە چیــرۆک، دەبنــە ژێــر چەشــن و دەبێــت بەپێــی فــۆرم و نــاوەڕۆک جیاکارییــان لــە نێوانــدا بکرێــت.

دەربــارەی زاراوەی کورتــە چیرۆکیــش، گــۆران یەکەمیــن کــەس بــووە کــە زاراوەی (چیرۆکــی کــورت)ی بــەکار هێنــاوە، ئــەو ئاشــنای زمــان و وێــژەی عەرەبــی و ئینگلیــزی بــووە، ســەرەتای ســاڵانی چــل لــە ڕادیــۆی کــوردی شــاری یافــا بــووە، کۆمەڵێــک چیرۆکــی لــە عەرەبــی و ئینگلیزییــەوە وەرگێڕاوەتــە ســەر کــوردی و بەکارهێنانــی ئــەم زاراوەیەشــی بــۆ ئــەو بەرهەمانــە بــووە، لــە ڕووی قەبــارەوە کــورت بــوون (شــاکەلی، ٢٠٢٠: ٣٨).

لــە ئەدەبــی کوردیــدا هــەردوو زاراوەی چیرۆکــی کــورت، یــان کورتــە چیــرۆک بــەکار هێــنراون، بــەڵام لــە ئیســتادا زیاتــر زاراوەی (کورتــە چیــرۆک) بــەکار دەهێــنرێ. کــە شــێوەی دروســتبوونی بریتییــە لــە (کورت+ە+چیــرۆک) کــە وشــەی (کــورت) هاوەڵنــاوە، هەروەهــا وشــەی (چیرۆک)یــش نــاوە، ئــەم دوو وشــەیە بەهــۆی (ئینتــەر فێکس)ێکــەوە لێــک دراون و ناوێکــی لێکــدراو دروســت بــووە، (ئینتەرفێکــس) ئــەو مۆرفیمــە یاریدەدەرانــەن کــە مانــای خودیــان نییــە، بەڵکــو لــە لێکدانــی وشــەدا هاریــکاری دەکــەن و پێیــان دەگوترێــت مۆرفیمــی پەیوەنــدی (حاجــی مــارف، ٢٠١٤: ٥٨)، کەواتــە کورتەچیــرۆک ناوێکــی لێکــدراوە و زاراوەیەکــە بــۆ بەرهەمێکــی ئەدەبــی بــەکار دەهێنرێــت، کــە لــە ڕووی شــێوەوە کــورت بێــت. چونکــە (کــورت) هاوەڵناوێکــە پێچەوانــەی درێــژە و مانــای کورتــی دەگەیێنێــت.

لــە زمانــی عەرەبیــدا بەرانبــەر زاراوەی کــورت ەچیــرۆک زاراوەکانــی (اقصوصــة، قصةقصیرة)(الســماوی، ٢٠١٠: ٣٣) بــەکار دەهێنرێــن، هەروەهــا لــە زمانــی ئینگلیزیــدا (Short story)(Abrams, Harpham, ٢٠١١: ٣٦٥) بــەکار دەهێنرێــت و لــە فارسیشــدا زاراوەکانــی (داســتان کوتاه)(شریفــی، ١٣٨٧: ٦١٣)و (قصــە کوتاه)(دهخــدا، ١٣٧٧: ١٧٦١٦) بــەکار دەهێنرێــن. لێــرەدا ئــەو زاراوانــەی زمانــی کــوردی و فارســی و عەرەبــی لــەوە دەچێــت وەرگێــڕدراوی زاراوە ئینگلیزییەکــە بــن، هەروەهــا مەبەســتی هەمــوو ئــەو زاراوانــە ئەوەیــە، کورتــە چیــرۆک بەرهەمێکــی ئەدەبییــە بــە پەخشــان نــووسراوە و لــە ڕووی فــۆرم و قەبــارە و پێکهاتــەوە کورتــە.

**١-٢ چەمك و پێناسەی کورتە چیرۆک:**

کورتــە چیــرۆک وەك ژانرێکــی ئەدەبــی و پەخشــانێکی هونــەری لــە ســەدەی نۆزدەیەمــدا لــە فەرەنســا و ڕووســیا و ئەمەریــکا ســەریهەڵدا و بــە چیرۆکــی نــوێ و هونــەری نــاسرا، ئــەو ژانــرە هونەرییــە بــە کۆمەڵێــك پێوانــە و پێــوەر لــە حەقایەتــی فۆلکلــۆری و چیرۆکــی کــۆن جیــا دەکرێتــەوە.

کورتــە چیــرۆک جــۆرە ئەدەبێکــی گێڕانەوەییــە، ئامانجــی ئەوەیــە یــەک ڕووداو بخاتــە ڕوو، زۆرجــار لــە ماوەیەکــی کورتــدا و زۆر جاریــش لــە شــوێنێکی ســنووردار و دیاریکــراودا ئامانجەکــەی دەخاتــە ڕوو، چونکــە کورتــە چیــرۆک ئامانجەکــەی گێڕانــەوەی پوختــەی ڕووداوەکەیــە (مەســتور، ٢٠١٤: ٢٥)، هەروەهــا بــۆ دەربڕینــی دۆخێــک یــان لایەنێکــی ژیانــی کارەکتەرێــك، گێڕانــەوەی ڕووداوی نــاو کورتــە چیــرۆک دەبێــت یەکگرتــوو و هاوئاهەنــگ بــن، بەبــێ ئــەوەی ئاڵۆزییەکــەی هێنــدە بێــت خوێنــەر ســەرقاڵ بــکات. زۆرجــار تاکــە کارەکتەرێــك یــان چەنــد کارەکتەرێکــی نزیــک، لــە یــەک شــوێن و کاتــدا کــۆ دەبنــەوە لــە بەرانبــەر پاشــخانی ڕووداو و دۆخەکــەدا باســی لێــوە دەکرێــت و بزانرێــت بــە کــوێ دەگات؟

کورتــە چیــرۆک کارێکــی خەیاڵیــی هونەرییــە، وێنــەی بەســەرهاتێك لــە بەســەرهاتەکانی ژیــان دەکێشــێت، یــان چەندیــن بەســەرهاتی تێکچــڕژاو و پێکــەوە گرێــدراو دەگێڕێتــەوە و لــە چەندیــن گۆشــەنیگای جیــاوازەوە لێــی دەڕوانێــت و دەیەوێــت بەهایەکــی پــێ ببەخشــێت، کورتــە چیــرۆک ژیــان و بەســەرهاتی کارەکتــەرەکان لــە چوارچێوەیەکــدا لــە کات و شــوێنی جیــاوازدا دەگێڕێتــەوە و ئــەو ڕووداو گرفــت

و کێشانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە بە شێوەیەکی هونەری باسیان دەکات، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، واتا لە دۆخێکی دیاریکراودا و لە خاڵێکەوە کە ڕووداو تیایدا سەر هەڵدەدات و گەشە دەکات و بەرە و خاڵێکی دیکە دەڕوات، بەرەو بنبەست و کۆتایی دەچێت.

توێژەران بەپێی دیدگای خۆیان پێناسەی جیاجیایان بۆ کورتە چیرۆک کردووە، (ابراهیم قادر) لە بارەی پێناسەی کورتە چیرۆکەوە گوتوویەتی: «کورتە چیرۆک، کە ئەدەبێکی بە پەخشان نووسراوە، وەک هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی تر، کە بەهۆی گێڕانەوەوە دەگەیەندرێتە خوێنەر و گوێگر، لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی بنەڕەتی پێک هاتووە، وەکو: ڕووداو و شوێن و کاتی ڕووداوەکە، کارەکتەر (کەسان)- ئەو کەسەی کە ڕووداو هەڵدەسوڕێنێت، یا ڕووداو تێوەی دەگلێنێت – لەگەڵ کەسانی تردا لەناو چیرۆکەکەدا» (محمد، ١٩٩٧: ١١)، لەم پێناسەیەدا جگە لەوەی دڵنیایی دووپاتکراوەتەوە کە چیرۆک بەرهەمێکی ئەدەبی بە پەخشان نووسراوە، لە هەمان کاتدا گێڕانەوە ئامێزە و بەهۆیەوە بابەتەکانی دەگەیێنێتە وەرگر و لە چەند توخمێکی جیاجیا پێک دێت.

ڕشاد ڕشدی پێناسەی کورتە چیرۆک دەکات و دەڵێت: «کورتە چیرۆک تەنیا بریتی نییە لە چیرۆکی چەند لاپەڕەیی، بەڵکو جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەبی نوێ و لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا و خەسڵەتی خۆی هەیە و خاوەنی شێوەی تایبەت دیاری خۆیەتی»(رشدی، ١٩٧٥: ٧)، لەم پێناسەیەشدا سەردەم و مێژووی هاتنەکایەی کورتە چیرۆک ئاماژەی بۆ کراوە، سەرەڕای شێوە و خەسڵەتی تایبەتی خۆی.

نووسەر و وەرگێڕی ئینگلیزی (ئەی. ئێم. فۆرستەر) کورتە چیرۆکی پێناسە کردووە و دەڵێ: «گێڕانەوەی ڕووداوەکانە لە بەردەوامی کاتدا» (مەستور، ٢٠١٤: ١٤)، لێرەدا بەردەوامی کات دەبێتە هاوئەرکی گێڕانەوەی ڕووداو، چونکە ڕووداو لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات.

(ئابرامز) چیرۆک بە بەرنامە و پرۆسەیەک ناوزەد دەکات کە تیایدا بابەتی بەرهەمهێنراو حەقیقەتی مێژوویی، یان واقیعی تێیدا ڕووی دابێت و دەڵێت: «کورتە چیرۆک گێڕانەوەی پەخشان ئاسای کۆمەڵێک ڕووداوە کە بە سەر کارەکتەرەکاندا هاتووە کە ئەم ڕووداوە هەڵگری چاوەڕوانی و ئاشنایی بێت» (Abrams, Harpham, 2011: 386)، لەم بۆچوون و پێناسەیەدا دەردەکەوێت، کە ڕووداوی چاوەڕوانکراو و هۆگر و ئاشنا بەسەر کارەکتەرەکاندا دێت، چونکە سەرچاوەی ڕووداوەکان بۆ مێژوو و واقیع دەگێڕێتەوە.

لە دوای وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو پێناسە جیاجیایانەی نووسەران و توێژەران لە بابەت کورتە چیرۆک، دەتوانین بڵێین کورتە چیرۆک بەرهەمێکی ئەدەبیی نوێیە و سەر بە چەشنی ئەدەبی گێڕانەوەیە و بە پەخشان دەنووسرێت و لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە لە چەشنەکانی هەمان ڕەگەزی گێڕانەوە جیاوازە و بە کورتییەکەی دەناسرێتەوە و ڕووداوی بەسەرهاتووی کارەکتەرەکان لەکات و شوێنی جیاوازدا دەگێڕێتەوە.

**٣-١ بنەما هونەرییەکانی کورتە چیرۆک:**

ژانری ئەدەبی بەپێی هەر هۆکارێک بێتە کایەوە، ئینجا لە ڕێگەی لاساییکردنەوە بێت، یاخود وەرگێڕان و وەرگرتن لە ئەدەبی بێگانە، یان گۆڕانی بارودۆخ و پێویستی ژیانی ڕۆژگار، ئەوا ئەو هاتنەکایەوە هەروا بەسادە و ساکاری نییە، بەڵکو هاتنەکایەکە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و بنەمای هونەری لەگەڵدا دێتە پێشەوە، ئەو بنەما هونەرییانە وەکو کۆدێکی ناسینەوە یان وەکو پەنجە مۆری ئەو ژانرەیە و دەبێتە سەرچاوەی جیاکاری و هەروەها وەک نەخشەیەک دەبێت، کە ئەو ژانرە ئەدەبییە لەناو سنووری ئەو نەخشەیەدا خۆی بەیان دەکات.

کەواتە هەر ژانر و ڕەگەزێکی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، ئەو تایبەتمەندییانە دەبنە ناسنامەی ئەو ژانرە و بە هۆی ئەم بنەمایانەوە خاڵی وەرچەرخانی ژانرەکە دەردەکەوێت و پێی دەناسرێتەوە. هەرچەندە ژانرە ئەدەبییەکان هەندێکیان کاریگەرییان بە سەر یەکەوە هەیە، ئینجا بە هۆی ئەوەی لەدایک وون و هاتنەکایەیان لەیەکەوە نزیکە، یاخود لە هەمان سەردەمدا لەدایکبوون، جگە لەکاریگەریی بەسەریەکەوەبوون، هەندێک

جار ژانرەکان لە هەناوی یەکترەوە لە دایک دەبن، ئەوە بەو مانایە نییە کە بنەماکانیان بە تەواوی لەیەک بچێت، لەوانەیە کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ لایەن و بنەمای جەوهەری هەیە دەبێتە سەرچاوە و چەقی جیاوازیی نێوان ژانرەکان. ئەوە دەربارەی دوو ژانری جیا، بەڵام ئەگەر ئێمە باسی دوو ژێرچەشنی ئەدەبی بکەین کە سەر بە هەمان چەشن و ژانر بن، کە ڕەگەزە سەرەکییەکە چیرۆک بێت و ژێرچەشنەکانی ئەو ژانرە ئەدەبییە کە کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکن، ئەوا ئەرکەکە گرانتر دەبێت، وەک ئەوەی بە شێوەیەکی سادە بتوانین هەندێ خاڵی جیاوازیی بنەمای هونەری ئەو دوو ژێرچەشنە ئەدەبییەی چیرۆک دیاری بکرێت، کە ببنە ناسنامە و نەخشە و سنوور بۆ کێشراوی ئەم دوو ژێرچەشنە هونەرییە ئەدەبییە.

کورتە چیرۆک وەک ژێرچەشنە ئەدەبییەک سەر بە چەشنی چیرۆک و گێڕانەوەیە لە دوای دەرکەوتن و سەرهەڵدانی، توێژەران و تیۆرزانانی ئەو بوارە، چەندین بنەمای هونەرییان دیاری کردووە، تا کورتەچیرۆکی پێ لە ژانر و ڕەگەزە ئەدەبییە جیاجیانی تر پێ لێك جیاب کەنەوە، کە لە هەمان کاتیشدا ئەو بنەما هونەرییانە وەك ناسنامەیەکە و ئەو ژێرچەشنە ئەدەبییەی پێ دەناسرێتەوە. توێژەرێکی وەکو (هیثم بهنام بردی) تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی هونەری کورتەچ یرۆک و بەپێی تیۆری و تەکنیك و بناغەی توخمە پێکهێنەرەکانی بنیاتنانی ئەم هونەرە هەندێك تایبەتمەندی دەخاتە ڕوو، پێی وایە کە دەبێت کورتە چیرۆک هەڵگری ئەم تایبەتمەندیانە بێت کە بریتیین لەمانە:

١-یەکەکان:

ا- کات: کراوەیە.

ب-شوێن: شوێن گوێزراوەیە، واتا ڕووداوەکە دەتوانێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوێزرێتەوە.

ج-ڕووداو: ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر لە پرس و بەسەرهاتێك لە لایەن گێڕەرەوە بە چەندین دیدگا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

٢- بینا:

ا- پێشەکی: دەتوانێت دوو لاپەڕە، یان زیاتر بێت.

ب- لووتکە: لەوانەیە زۆر دیمەنی سەربەخۆی تێدا بێت.

ج- کۆتایی: ڕەنگە کۆتاییەکەی کراوە بێت، یان ئاشکرا بێت.

٣- درێژی: بەشێک لە ڕەخنەگران و توێژەران ژمارەی وشەکانی کورتە چیرۆکیان لە نێوان ٥٠٠٠-٦٠٠٠ وشەدا خەمڵاندووە و هەندێکی دیکەش دیارییان نەکردووە، بەڵکو مەرجیان بۆ داناوە کە نابێت بگەنە چیرۆکی درێژ یان کورتە ڕۆمانەکە.

٤- گۆشەی گێڕانەوە: دەتوانرێت لە بنیاتنانیدا چەندین دیدگا بە یەکەوە بگۆڕدرێن و لەچەند گۆشەنیگایەکەوە بگێڕدرێتەوە.

٥- وەسف: بە بەربەستێک سنووردار نییە، بەو پێیەی وەسفەکە بە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دیاری دەکرێت (بردی، ٢٠١٠: ١٧-١٨).

(ئازاد محمد) لە ماستەرنامەکەیدا کە تایبەتە بە کورتیلە چیرۆکی کوردی، هەندێك خاڵی جەوهەری دیاری کردووە، بۆ هاوسەنگکردن و جیاوازیکردن لە نێوان کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکدا، کە لێرەدا ئێمە ئاماژە بەو خاڵانە دەکەین، وەکو بنەمایەک بۆ کورتە چیرۆک دیاری کراون کە ئەوانیش بریتین لە:

١- ئەم فۆرمە نوێیە و مۆدێرنە یەکەمجار، کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتایی سەدەی بیستەم سەری هەڵدا، لەسەر دەستی ئەدگار ئالان پۆ و گۆگۆڵ و گی دی مۆپاسان و چیخۆف و سامرست مومدا بناغەی بۆ دارێژرا کە هەریەک لەم نووسەرانە لە وڵات و هەرێمێکی جیاواز بوون و بە زمانی ناوچەی خۆیان برەویان بەم بەرهەمە دا.

٢- ژمارەی وشەکانی (٥-٦) هەزار وشەیە، بگرە تا هەشت هەزاریش.

٣- ماوەی خوێندنەوەی سەعات و نیوێک تا دوو سەعات دەخایێنێت.

٤- گرێ بە هەرسێ قۆناغەکەیدا (سەرەتا- ناوەند- کۆتایی) تێدەپەڕێت.

٥- ڕووداو بە شێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ دەڕوات و

پشـوودرێژی پێـوە دیـارە و چەنـد ڕووداوێکـی تێدایـە.

٦- ئامانجـی کورتـە چیـرۆک پێشـاندانی چەندیـن وێنـەی هونـەری و وەسـف و درێژەپێـدان و گێڕانـەوەی زۆری پێـوە دیـارە، شـوێن بـە هەمـوو بارەکانییـەوە: گشـتی، تایبەتـی، کـراوە و داخـراو و هۆگـر و ناهۆگـری تێدایـە.

٧- دەستپێکێکی درێژەدار و ناوەڕۆک و کۆتایی هەیە.

٨- لەسـەرخۆ دەبێـت بخوێنرێتـەوە بـۆ پەنـد و عیـبرەت وەرگرتـن، کـە تیایـدا سـوود لـە شـتە باشـەکان وەردەگیـرێ.

٩- کورتەچیـرۆک لەکورتەڕۆمـان کورتـترە و خوێنـەری خـۆی هەیـە و چێـژی لـێ وەردەگیرێـت.

١٠- ناونیشـان گرنگـی هەیـە، بـەڵام نـاوەڕۆک زۆر بـە ئارامـی ناونیشـانەکە دەپێکـێ و ڕوونـی دەکاتـەوە.

١١- لـە ڕووی بنیاتـی توخمەکانـی، بنیاتـی تایبەتـی هەیـە، لـە ڕووی (درێـژی، کورتـی، جەختکردنـەوە و وەسـف و گێڕانـەوە و بابـەت و کات و شـوێن).

١٢- کۆمەڵـە ڕووداوێکـە نووسـەر تەنهـا یەکێکیـان بەرجەسـتە دەکات، یـان چەنـد ڕووداوێکـە پەیوەندییـان بـە چەنـد کەسـایەتییەکەوە هەیـە.

١٣- لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەمـدا، موپاسـان کـە یەکێکـە لـە پێشـڕەوەکانی ئـەم هونـەرە، گوتـی: ئـەو کاتـە کەمـە دیـاری کـراوە بەسـەرچووەی ژیـان بـە کورتەچیـرۆک نەبـێ بـۆ هیـچ ژانـرێ دەسـت نـادات.

١٤- نـاکاوی و شـۆک لـە پێشـەکیی چیرۆکـدا و جارجـارەش لـە کۆتاییـدا دەخرێتـە ڕوو.

١٥- کورتـە چیـرۆک بریتییـە لـە کۆمەڵێـک ڕووداو و پەیوەسـتە بـە کەسـایەتیی چەنـد کەسـێکی دیاریکـراو، وێنـای ماوەیەکـی دیاریکـراو لـە ژیانـی تایبەتـی چەنـد کەسـێک دەکێشـێت (سـعید، ٢٠٠٨: ٤٢-٤٣).

لـەم چەنـد خاڵـەدا کـە تیایـدا کۆمەڵێـک بنەمـای کورتـە چیـرۆک بـاس کـراون و ئـەو ژانـرە ئەدەبییـەی لەسـەر ئاراسـتە دەکرێـت و تایبەتمەندییەکانـی خراونەتـە ڕوو، کـە بەگوێـرەی مێـژووی سـەرهەڵدان و دەرکەوتـن و داهێنەرانـی ئـەو ژانـرە ئەدەبییـە و ژمـارەی پیـت و کاتـی خوێندنـەوە و بنیاتـی توخمەکانـی وەکـو (کارەکتـەرو کات و شـوێن و ڕووداو و گـرێ و ناونیشـان و......هتـد) ئـەوە دەردەکەوێـت کـە کورتەچیـرۆک بەهـۆی ئـەم بنەمایانـەوە جـۆرە تایبەتمەندییەکـی هەیـە وەک ناسـنامەیەکە و پێـی دەناسرێتـەوە. هەروەهـا پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا و پێشـکەوتنی چـاپ و چاپخانـە و ڕۆژنامـە و کەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن و گۆڤـار و بڵاوکـراوەکان، بەهـۆی کورتـی و کـەم خایاندنـی کات بـۆ خوێندنـەوە، هۆکارێکـی گرنگـە بـۆ بڵاوبوونـەوەی کورتـە چیـرۆک لەسـەر لاپـەڕەی گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان، لەهەمانکاتـدا دەتوانرێـت لەکەناڵەکانی ڕاگەیانـدن بخوێنرێتـەوە بـۆ خوێنـەرو گوێگـران و بەتایبەتـی لەنـاو هـۆڵ و سـاڵۆنەکاندا، هونەرێکـی نـەرم و نیانـە توانـای بەرگـری و مانـەوەی هەیـەو ڕووبـەڕووی لەناوچـوون دەبێتەوە(کۆمەڵێـك نووسـەر، ٢٠٢١: ١١١).

**تـەوەرەی دووەم: مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتەچیـرۆک لەسـەر ئاسـتی جیهـان و ناوچەکـەو کوردسـتاندا:**

**٢-١ مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتەچیـرۆک لـە ئەدەبـی جیهانـی دا:**

سـەدەی نـۆزدە لـە مێـژووی ئەدەبـی جیهانیـدا بەسـەدەی سـەرهەڵدانی کورتەچیرۆکـی هونـەری دادەنرێـت، ئـەو سـەرهەڵدانەش هـەروا بەسـادەیی و سـانایی سـەری هەڵنـەداوە، بەڵکـو بەچەندیـن قۆناغـدا تێپەڕبـووە، بەتایبەتـی لـە سـەدەی چـواردەدا، ڕۆمـا بەناوەندێکـی دیاری هاتنەکایـەی سـەرهەڵدانی ئـەم هونـەرە دەزانرێـت. ئەویـش بەهـۆی هاتنەپێشـەوەی ڕووداوێـك لەنـاو یەکێـک لـە ژوورەکانـی کۆشـکی ڤاتیکانـدا، ناویـان نابـوو (کارگـەی درۆیـان)، ڕۆژانـە بەتایبەتـی لـەدوای ئێـواران کـەس و کارو دەسـت و پێوەنـدی ئێـو ئـەم ژوورە بـۆ بەسـەربردنی کات، هەواڵـی و بەسـەرهاتەکانی ڕۆژانـەی یەکتریـان دەگێڕایـەوە، لـەم شـوێنەدا هـەواڵ و بەسـەرهاتی سـەیرو سـەمەرە بەشـێوەی چیـرۆک دەگێڕدرانـەوەو باسـیان لێـوە دەکـرا، باسـەکان لەبـارەی ژنـان و پیاوانـی ئیتاڵیـا، هەندێکجـار دەربـارەی پاپـاش قسـەوباس دەکـران، گێڕانـەوەی ئـەم بەسـەرهات و باسـکردنانەیان وای کـرد خەڵکێکـی زۆر لـە لایەنگرانـی پاپـا سـەردانی ئـەو شـوێنە بکـەن، بۆئـەوەی بەشـێوەیەکی خـراپ باسـی پاپـا نەکرێـت، چونکـە هەمـوو بـاس و خواسـێکی تێـدا دەگێڕدرایـەوە، (پۆتشـیۆ) کـە سـکرتێری پاپـا بـوو، بەیەکێـک

لەناودارترین و ناسراوترین ئەوکەسانە دادەنرا کە سەردانی (کارگەی درۆیانی)ی دەکرد، هەروەها (پۆتشیۆ) خاوەنی خەیاڵێکی فراوان و سیمایەکی سەر سوڕهێنەری هەبوو، وەک ویژەوانێکی چالاک دەستی کرد بە هۆنینەوەی ڕووداوەکان و قسەو بەسەرهات و گێڕانەوەکانی لە دووتوێی بەرهەمێکدا بەناوی (فائسیتیا) تۆمارکردو بڵاوکردەوە(رشدی، ١٩٧٥: ١-٢)، ناونانی ئەو شوێنە بە (کارگەی درۆیان) هۆیەکەی ئەوە بووە، ئەو کەسانەی سەردانی ئەو شوێنەیان کردووە، بۆ کات بەسەربردن و قسەی خۆش و گۆڕینەوەی دەنگۆو هەواڵ و گۆتە گۆت، لە ئەنجامدا ببووە شوێنی داهێنانی قسەی لابەلاو درۆ، بۆ مەبەست و بەرژەوەندی کەسی، هەم بۆ خۆشکردنی دانیشتنەکەو ئارەزووی بەشداریکردن، چیڕۆک هەڵدەبەستران، گرنگ ئەوە بوو، چیرۆکەکان خۆش بن و ببنە مایەی دڵخۆشی و پێکەنین(کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠٢١: ٣٠)، لە سەدەی چواردەداو لە ئیتاڵیادا هەوڵێکی دیکە هەبوو بۆ سەرهەڵدان و هاتنەکایەی چیڕۆک، ئەو هەوڵەش لەلایەن (جیۆڤانی بۆکاتشیۆ) بوو، کە کۆمەڵە ڕووداوێکی نووسییەوە کە ژمارەیان (١٠٠) ڕووداو بوو، بەناوی (دیکامیرۆن- بەواتای دە ڕۆژ دێت)، پۆکاتشیۆ لەم بەرهەمەیدا (١٠٠) ڕووداوی گێڕاوەتەوە، بابەتی سەرەکی ئەم بەرهەمە سەرهەڵگرتنی حەوت کچ و سێ کوڕە لەشاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا بەرەو شوێنێک پاش بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعون لەنێو شارەکەیان، دوای ئەوەی ئەو دە کەسە دەچنە ئەو شوێنە بۆماوەی دە ڕۆژ دەمێننەوەو وا ڕێک دەکەون ڕۆژانە هەر یەکێکیان بەسەرهاتێک، ڕووداوێک بگێڕێتەوە، بۆ ئەو (١٠) ڕۆژەی مانەوە (١٠٠) بەسەرهات لە شێوەی چیڕۆک دەگێڕدرێنەوە، بۆکاتشیۆ ئەم بەرهەمەی خۆی جگە لە (دیکامیرۆن) ناوی (نۆڤێلا)شی لێنابوو، کە بەواتای شتی نوێ و تازە دەهات، جیاوازی ئەم بەرهەمە لەگەڵ (کارگەی درۆیان) ئەوەبوو، ڕووداوەکان درێژتربوون، بەمەش تیایاندا زیاتر بایەخ بە وردەکاری دەدرا، دەربارەی ئەوکەسانەی باس دەکران، یاخود دەستکردی خەیاڵی نووسەربوون، هەرئەمەش وای کرد کە ببێتە هۆیەک بۆ زیاتر مانەوەی چیرۆکەکانی (دیکامیرۆن)و هەروەها کاریگەری زیاتر لەسەر نووسەران هەبێت و لەساڵانی دواتردا سودیان زیاتر لەم بەرهەمە وەردەگرت(مکی، ١٩٩٩: ٦١-٦٣). یەکەمین بەرهەم لە ئەوروپادا کە ڕەنگی چیرۆکی هونەری بدات کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا سەری هەڵداوە، بەرهەمێک بووە ناوی (پەروەردەی ئاینی) بووە، هی جوێکی ئەندەلوسی بووە، بەناوی (موسا سەفەردی)، کە دواتر بووە بەفەلەک کاسۆلیکی و ناوی لەخۆی نا (بەدروفۆنسۆ)، لەوە دەچێت ئەم بەرهەمە سەرەتا بەزمانی عەرەبی نووسرابێت و دواتر وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی دیکە، ئەم بەرهەمە زیاتر تێکەڵییەک بووە لەچیرۆکەکانی نێوبەرهەمی (کلیل و دمنە) و (سندبادی دەریایی)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، تێکەڵییەک لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا هەبووە(الشارونی، ١٩٧٧: ١٠٠)، لە سەدەی چواردەهەم بەدواوە چەندین چیرۆکنووسی دیکە هەبوون، چیرۆکەکانیان لە دەوری سوارچاکی و باڵادەستی و خۆشەویستی و پاکیزەیی ئافرەتدا دەسوڕانەوە، کە شوێن پێی ئەم جۆرە چیرۆکانە بەردەوام بوو، هەنگاوبەهەنگاو درێژبوویەوە تاگەیشتە سەدەی نۆزدەیەم، کەواتە وەک ئاماژەمان بۆکرد بەر لەسەدەی نۆزدەیەم کورتەچیرۆک بەشێوەی سادەو ساکارییەکەی هەبووە، بەڵام لەسەدەی ئاماژەبۆکراودا وەرچەرخانێکی گەورە لەکورتەچیرۆکدا هاتەکایەوەو کە بەسەدەی کورتەچیرۆک ناوزەندکراوە، ئەویش بەهاتنە پێشەوەی چەند چیرۆکنووسێک لەچەند شوێنێکی جیاجیا، کە گرنگترین و ناودارترین چیرۆکنووسانی ئەم مەیدانە بریتی بوون لە (ئێدگار ئالان پۆ ١٨٠٩-١٨٤٩)ی ئەمریکایی و هەروەها (نیکۆلا گۆگول ١٨٠٩-١٨٥٢) ی ڕووسی، ئەمانە شتێکیان لەبواری ئەدەبی گێڕانەوە بنیاتنا، ئێستا بە کورتەچیرۆک دەناسرێت.

لە سەدەی نۆزدەدا دوو چیرۆکنووسی دیکەی هاتنە نێو مەیدانەکەو کورتەچیرۆکیان بەرەو ئاستێکی پێشڕەوی برد، ئەوانیش (گی دی موپاسان ١٨٥٠-١٨٩٣)ی فەڕەنسی و (ئەنتوان چیخۆفی ١٨٥٠-١٩٠٤)ی ڕووسی، چیخۆف ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەسەرهەڵدانی کورتەچیرۆک لە ئەدەبی ڕووسیدا، بەڵام لە هەمانکاتدا زۆربەی توێژەرانی ئەدەبی جیهانی زیاتر ئاماژە بەڕۆڵی (موپاسان) دەدەن لەهێنانەکایەو

بنیاتنانـــی كورتەچیرۆكـــی هونەریـــداو بەپێشـــڕەوی چیرۆكـــی هونـــەری دادەنێـــن، چونكـــە لای موپاســـان، بەشـــێوەیەكە كاتێـــك وێنـــەی ڕووداوێـــك دەگرێـــت نووســـەرەكە تیایـــدا گـــوێ بەئـــەوەی پێشـــتر لەڕووداوەكـــە یـــان پاشـــتری نـــادات، ئـــەم فۆڕمـــەی كورتەچیرۆكـــە لـــە موپاسـانەوە تـا ئـەم ڕۆژگارە بەردەوامە(رشـــدی، ١٩٧٥: ٧-٨)، هەروەهـــا هەنگاوبەهەنـــگاو ئـەم دوو نووسـەرەی دوایـی (موپاسـان و چیخـۆف)، ((كورتـە چیرۆكێكیـان گەیانـدە لوتكـەو كاریگـەری ئـەم دوو نووسـەرە لەسـەر نووسـەرەكانی دوای خۆیـان لەئاسـتێك دا بـووە كـە تـا ئاخروئۆخـری ئـەم سـەردەمەش نووسـەرە هاوچەرخـەكان كورتەچیرۆكیـان بەسـەر دوولایەنـی سـەربەخۆ دابـەش دەكـرد. لایەنێـك كـە باوەڕیـان بەشـێوازی نووسـینی چیخۆفـەو لایەنێكـی تریـش خۆیـان دەخەنـە ژێركاریگـەری موپاسـانی فەڕەنسی))(مەسـتور، ٢٠١٤: ٩)، كەواتـە ئـەم دوو چیرۆكنووسـە دەسـتێكی باڵایـان لەچەسـپاندنی ئـەم هونـەرە لەسـەدەی نـۆزدەدا هەبـووەو تـا نووسـەرانی دوای خۆشـیان بـەكارو بەرهەمەكانیـان كاریگەربوویـن، لەپـاڵ ئەمانەشـدا ئـەم سـەردەمە سـەردەمی گۆڕانكارییـە سیاسـی و ئابوورییـەكان بـوو، كە ژیانی مرۆڤایەتـی بەهـۆی پێشـكەوتنی پیشەسـازییەوە گۆڕانـكاری بەسـەرداهات و هەروەهـا پەیدابوونـی نەتـەوەو زمانـی نەتەوەیـی و گەشـەكردنی بیـرو زمانـی نەتەوەیـی نەتـەوە جیاجیـاكان، بـووە هـۆی ئـەوەی هـەر نەتەوەیـەك لـە بـواری كورتەچیرۆكـی هونەریـدا بچێتـە پێشـەوەو ببنـە خاوەنـی چیـرۆك و چیرۆكنووسـی نەتەوەیـی خۆی(الشـارونی، ١٩٧٧: ٥٢-٥٣).

### ٢-٢ مێـژووی سـەرهەڵدانی كورتەچیـرۆك لـە ئەدەبـی عەرەبـی دا:

لـە دونیـای عەرەبیـدا وەرگێـڕان لـە سـەرهەڵدانی چیرۆكـی كورتـی هونـەری عەرەبیـدا دەورێكـی گرنگـی هەبـووە بەگشـتی و بەتایبەتـی لەهەندێك وڵاتـدا، هەرچەنـدە پرۆسـەی وەرگێـڕان بەشـێوەیەكی خێـراو سـەرپێیی و گـوێ نـەدان بـە پاراسـتنی ڕۆحـی دەقـە ئەدەبییەكـەش ئەنجامـدراوە، (رفعـە رافـع الطهطـاوی) لـە سـاڵی ١٨٦٧ یەكەمیـن چیرۆكـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی، وەرگێڕانەكـە چیرۆكێكـی نووسـەری فەرەنسـی (فیلیلـۆن)ە بەنـاوی (سـەرجلیەكانی تیلـماك)، وەریگێـڕاوەو بڵاویكردۆتـەوەو ناوەكـەی بووەتـە (واقـع الفـلاك في احـداث تلـماك)، لەگـەڵ ئەمەشـدا سـەرباری ئـەم دەسـتكاری كردنـە ئـەم وەرگێڕانـە دەچێتـە نـاو یەكەمیـن بەرهەمـی وەرگێـڕدراوی عەرەبی(الشـارونی، ١٩٧٧: ١١٧).

چیرۆكـی عەرەبـی بەشـێوە سـادەو سـاكارییەكەی بـەردەوام دەبێـت تـا لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەم یەكەمیـن چیرۆكـی هونـەری لەدایـك دەبێـت، كـە پەیوەنـدی بەبـواری ڕۆژنامەگەرییـەوە هەیـە، كورتەچیرۆكـی هونـەری و ڕۆژنامەگـەری دووڕووی یـەك دراون، هەرچەنـدە دەربـارەی یەكەمیـن چیرۆكـی كورتـی هونـەری عەرەبـی بۆچوونـی جیاجیـا هـەن لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆو دەرەوەش، هەریـەك لـە ڕۆژهەڵاتناسـان (كراچوكوڤسـكی)ی ڕووسـی و (بروكلـمان)ی ئەڵمانـی و (هێـنری بیـرس)ی فەڕەنسـی، چیرۆكـی (في القطـار) ی چیرۆكنـووس (محمـد تەیمـور) كـە لـە سـاڵی ١٩١٧ لـە ڕۆژنامـەی (سـفور) بڵاوكراوەتـەوە، بەیەكـەم كورتەچیرۆكـی هونـەرەی عەرەبـی دادەنرێـت، هەروەهـا (عەبـاس خـضر) چیرۆكێكـی (سـنتها الجدیـدە)ی (میخائیـل نعیمـە)ی كـە لـە سـاڵی ١٩١٤ بڵاوكراوەتـەوە بەیەكـەم چیـرۆك دادەنێـت و هەروەهـا (محمـد یوسـف نجـم) چیرۆكـی (العاقـر) ی (میخائیـل نعیمـە)ی كـە لـە سـاڵی ١٩١٥ بڵاوبوویتـەوە بەیەكـەم چیرۆكـی عەرەبـی لەقەڵـەم دەدات، دیـارە لـە نێـو زۆربـەی میللەتـان بـە شـێوەیەكی گشـتی كێشـە لەسـەر یەكەم چیرۆكـی هونـەری هەیـەو لەنێـو عەرەبیشـدا ئـەم كێشـەیە ڕەنگـی داوەتەوە(الشـارونی،٢٠٠١: ٧٤-٧٥). لەعێراقیشـدا لـە دوای ڕاگەیاندنـی دەسـتوری عوسـمانی لـە سـاڵی ١٩٠٨، كـە ئـەم ڕاگەیاندنـە هەنگاوێـك بـوو بـۆ چوونـە پێشـەوەی لایەنـی فەرهەنگـی و ڕۆشـنبیری و كولتـووری، لەهەمـان كاتـدا وەكـو پەیامێكـی كۆمەڵایەتـی و سیاسـی و نیشـتمانی ڕەنگـی دایـەوە، هەروەهـا هاتنـی ئینگلیـز هەنگاوێكـی دیكـە بـوو بـۆ تەكانـدان بـەم هونـەرە، كـە لەگـەڵ خۆیـدا ڕۆژنامـەو ڕۆژنامەگـەری هێناكایـەوەو هـەروەك لـەو سـەردەمەدا ڕۆژنامـەو گۆڤـار دەركەوتـن و نـاوی یەكەمیـن چیرۆكنووسـانی عێراقـی كەوتـە سـەر پـەڕەی ڕۆژنامـە و نـاوی (عطـاء امیـن) وەك یەكەمیـن چیرۆكنووسـی عێراقـی دێـت، بـە بڵاوكردنـەوەی

دوو چیرۆك بەناوەكانی (كیف یرتقی العراق رؤیا صادقە) و (عاقبة الحیاة) كە لە ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٠ لە گۆڤاری (دار سلام) بڵاو كراونەتەوە (احمد، ١٩٦٩: ٦٨).

## ٢-٣ مێژووی سەرهەڵدانی كورتە چیرۆك لە ئەدەبی كوردیدا

سەرهەڵدانی هەر ژانرێكی ئەدەبی پەیوەندیی بەو بارودۆخە ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە هەیە كە پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵكەوە بۆ ئەوەی زەمینەسازی بكرێت بۆسەر هەڵدانی ژانرەكە، چیرۆكیش وەكو هەر ژانرێكی دیكەی ئەدەبی پێویستی بەگەشەكردنی ئەو دوو لایەنەوە هەیە. چیرۆكی كوردی سەرهەڵدانی زۆر دواكەوتووە. دیارە هۆكاری ئەم دواكەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ دابەشكردنی كوردستان لە نێوان چەند دەوڵەتێكی گەورەدا بەتایبەتی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەویدا. كاتێك دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی جەنگی جیهانی یەكەمەوە تووشی شكست هاتووە، بەشێكی كوردستان بە هۆی سیاسەتەكانی ئینگلیز و فەرەنساوە جیاكرایەوەو خرایە ژێر دەستی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق. ئەم بەشەی كوردستان لەوەو پێش پێی دەوترا ویلایەتی موصل.

ئەم گۆرانكارییە سیاسی و جوگرافیە بەتایبەتی ئەو بڕیارەی عەسبەت ئومەم كە داوا دەكات ئیداراتی ناوچە كوردییەكان بەدەست كوردەوە بێت و زمانی كوردیش لەو ناوچانە زمانی خوێندن و نووسین بێت، ئەمە خاڵێكی وەرچەرخانی گرنگ بوو بۆئەوەی ڕۆشنبیرانی كورد سودی لێ وەربگرن. لەلایەكی دیكەوە دامەزراندنی مەملەكەتی باشووری كوردستان بەسەركردایەتی (شێخ مەحمودی نەمر) و هەوڵەكانی ئینگلیز بۆ لەناوبردنی ئەو مەملەكەتە كارێكی وای كرد كە هەست و سۆزی نەتەوایەتی لە ناو ڕۆشنبیرانی كورددا گەشەبكات و بۆ دەربڕینی ئەو هەست و سۆزە پەنایان بۆ شیعرو چیرۆك بردووە(ئاگرین، ١٩٩٩: ٤٨-٤٩).

پێش سەدەی بیستەم لە كوردستاندا حیكایەتی فۆلكلۆری بەسەر زاری خەڵكەوە هەبووە، بەڵام ئەم حەكایەتە فۆلكلۆریانە نەبوونە هۆكارێك بۆئەوەی دواتر چیرۆكی كوردی لەسەر بناغەی ئەوان دابمەزرێت، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی چیرۆكی كوردی لە كوردستانی عێراقدا پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە گەلانی دەوروبەرو ئەو چیرۆكانەوە هەیە كە ڕۆشنبیرانی كورد لەڕێگای زمانی عەرەبی و توركیەوە دەیان خوێندەوەو كاریگەریان لێكردن.

ڕۆژنامەگەری ڕۆڵێكی گرینگی بینیوە بۆئەوەی نەك تەنها چیرۆكی تیادا بڵاوبكرێتەوە، بەڵكو ڕۆڵێكی گرینگیشی بینیوە لە سازدانی زمانێك كە دوورە لە زمانی شیعری كلاسیكی و ڕێ خۆشكەرە بۆئەوەی چیرۆكی پێ ب نووسرێت. لە كوردستانی عێراقیشدا لەساڵانی (٢٠) ەكان چەندین ڕۆژنامە سەریان هەڵداو وەكو (ژیانەوە، ژیان، ڕۆژی كوردستان، بانگی كوردستان، بانگی حەق، ئومید استقلال، تێگەیشتنی ڕاستی)ی كە ئەمەی دوایی ساڵی (١٩١٨) لەبەغداد دەردەچوو، ئەگەر تەماشای ئەو ڕۆژنامانە بكەین دەبینین لەهەندێكیاندا بەهیچ شێوەیەك چیرۆكمان بەرچاو ناكەوێت، بەڵام لەهەندێكی دیكەیان وەكو (ژیانەوەو ژیان) چەند چیرۆكێكی كوردیان تیادا بڵاوكراوەتەوە، لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لە ١٩٢٥/٧/١ یەكەمین چیرۆكی كوردی بەرچاودەكەوێت، كە ئەویش چیرۆكی (لەخەوما)ی (جەمیل سائب)ە، ئەم چیرۆكە(١٨) حەلقەی لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بڵاوبۆتەوە، پاشان (٥) حەلقەی لە ڕۆژنامەی (ژیان) بڵاوبۆتەوە، بەڵام بەداخەوە چیرۆكەكە تەواونەكراوە.

سەرەتای سەدەی بیستەم بە چەندین گۆڕانكاری دەستی پێكرد، بەپێی ئەم قۆناغ و گۆڕانكاریانە، چیرۆكی كوردیش بەچەندین قۆناغ و ئاستدا ڕۆیشتوە، وەك ئاماژەمان بۆكرد كە ئەو قۆناغەش سەرەتای دەركەوتنی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوە بوون، كە ئەمانە هۆكاری سەرەكی دەركەوتنی چیرۆكی هونەری بوون، دەركردنی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩) لە كۆتایی ساڵانی سییەكانی سەدەی بیستەم یەكێك بووە لەو قۆناغانەی چیرۆكی كوردی تیایدا گەشەیەكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەم بۆ چیرۆكی خۆماڵی چ بۆ چیرۆكی بێگانەش، لەڕێگەی وەرگێڕانەوە چیرۆكی بیانی بەهۆی ئەم گۆڤارەوە بڵاودەكرانەوەو وەكو هاندانێك وابوو بۆ ئەوەی نووسەران چ بە شێوەی لاسایكردنەوە هەمان ڕێچكە بگرنەبەر بۆ

نووسین و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی هونەری کوردی. لە قۆناغێکی دواتردا بە هۆی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، کە ئەویش گۆڕانێکی دیکە بوو لەم ناوچەیە هاتە ئاراوەو چەندین گۆڤار دەرکەوتن، وەک (پێشکەوتن، شەفەق، هیوا، بڵێسە) هەر لەم سەردەمەدا چیرۆکنووسانی کورد ئەو چیرۆکانەی کە بەتاک لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاویاندەکردنەوە، ڕوویان لەوەکرد، بەشێوەی کۆچیرۆک لەناملیکەو کتێباندا بڵاویان بکەنەوە، وەکو (عەلائەدین سەجادی) (هەمیشە بەهار)ی لە ساڵی ١٩٦٠ دا (ئیبراهیم ئەحمەد)یش کۆچیرۆکی (کوێرەوەری) لە ساڵی ١٩٥٩دا بڵاوکردەوە(گەردی، ١٩٨٧: ٥٦-٥٧)، لە ساڵی ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرساو شۆڕش درێژبوویەوە تا لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتنی ١١ی ئازار راگەیێنراو دان بەئۆتۆنۆمی کوردستان نراو بەهۆی ئەو ڕووداوە سیاسییەوە باری ئەدەبیش گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات و بەتایبەتی کەکۆمەڵێک ڕۆژنامەو گۆڤار هاتنە دەرکردن و هەروەها (روانگە) لە ١٩٧٠/٤/٢٥ دا راگەیێنراو بەدروشمی (بیری نوێ، وتەی نوێ، کرداری نوێ)(عارف، ٢٠٠٥: ٩)، کە وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە دونیای ئەدەب و هونەری ناوچەکەدا.

## بەشی دووەم: زاراوەو چەمك و پێناسەو بنەمای هونەری کورتیلەچیرۆک

### تەوەرەی یەکەم: زاراوەو چەمك و پێناسەو بنەمای هونەری کورتیلەچیرۆک:

#### ١-١ زاراوەی کورتیلەچیرۆک:

کورتیلە چیرۆک ئەو زاراوەیەیە کە لەنێو دونیای ئەدەبدا نوێیەو لە ئەدەبی هاوچەرخ و مۆدێرندا بەکارهاتووە، لە ڕووی دارشتن و پێکهاتنی زمانەوانییەوە وشەیەکی لێکدراوە، کە لە دوو وشەی واتادار و زیادەیەک پێک دێت کە بەم شێوەیەیە: کورتیلە، هاوەڵناوێکی دارێژراوە لە هاوەڵناوی سادەی (کورت+یلە) دروست بووەو هاوەڵناوێکی ناسادەی دارێژراوی پێکهێناوە کە لە فەرهەنگدا بە مانای قەدێکی زۆر کورت لێکدراوەتەوە(هەژار، ١٣٨٨: ٤٢٩)، هەروەها بەمانای (کورتەڵە)(خاڵ، ٢٠٠٥: ٣٦٥)ش هاتووە. پاشگری (یلە) یەکێکە لەو پاشگرانەی کە لەگەڵ وشەیەکدا یەکدەگرێت زیاتر بۆ مانای بچوککردنەوە بەکاردەهێنرێت (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٧٤). وشەی (چیرۆک)یش بەمانای سەرگوزەشتە و داستان دێت(خاڵ، ٢٠٠٥: ١٤٨)، کە ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبییە و لە تەوەرەکانی پێشوتردا باسی واتاو دروستبوون و هەروەها هاتنە ناوەوەو دەرکەوتنی لەنێو ئەدەبی کوردیدا کراوە، کاتێکیش وشەی ناسادەی (کورتیلە) لەگەڵ وشەی (چیرۆک) یەکدەگرن وشەی لێکدراوی (کورتیلەچیرۆک) دێتەکایەوە، ئەم زاراوەیە بۆ ژێر چەشنە ئەدەبێکی سەربەخۆ دەبێتە ناو و لەڕووی شێوەو رووخسارو ناوەرۆکەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەم ژێر چەشنە ئەدەبییە سەر بە لقی چیرۆکە، ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ چیرۆکێکی زۆر کورت، کە دیاردەیەکی نوێ و باوەو لە ئەدەبی مۆدێرندا سەری هەڵداوە. یەکەمین بەکارهێنانەکانی ئەم زاراوەیە بۆ ئەو ژێرچەشنە ئەدەبیە دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرو چیرۆکنووس (قوبادی جەلیزادە) کە لە کۆتایی هەشتاکاندا کاتێك هەندێك چیرۆکی زۆر کورتی لە ڕۆژنامەکانی (عێراق-پاشکۆی عێراق، ئاسۆ-الافق)دا بڵاوکردۆتەوە بە دوو شێوە بەکاری هێناوە، لەسەرەتادا زاراوەی ((چیرۆکێکی کورتیلە))ی(جەلیزادە، ١٩٨٧: ٤) بەکارهێناوەو لە دواتردا هەر ئەم نووسەرە زاراوەکەی کردۆتە(کورتیلەچیرۆک)(جەلیزادە، ١٩٨٩: ٨).

لە ئەدەبی کوردیدا کۆمەڵێ زاراوەی دیکە بەرانبەر بەم جۆرە ژێر چەشنە ئەدەبییە بەکارهێنراون، وەکو زاراوەکانی (چیرۆکی ئێجگار کورت، چیرۆکۆکە، چیرۆکیلە، ڕۆژانەچیرۆک، سەرنجەچیرۆک، پۆستەچیرۆک، چرکەچیرۆک، خونچەچیرۆک، میکرۆچیرۆک)(ڕەشید، ٢٠١٦: ١٢)، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (تیرێژە)ش بۆ ئەم جۆرە چیرۆکە بەکاردەهێنن(سعید، ٢٠٠٨: ٤)، بەهۆی فراوانی زاراوەکانی زمانی کوردی و فرە دیالێکتی چەندین زاراوەی دیکە بەکاردەهێنرێن وەکو (بروسکەچیرۆک و چیرچیرۆک و وردیلەچیرۆک)، (حەمەفەریق حەسەن) هەرچەندە خۆی بۆ ئەم ژێرچەشنە ئەدەبییە وردیلەچیرۆک بەکاردەهێنێت، لە هەمان کاتدا دەربارەی زاراوەی چیرچیرۆک دەڵێت: ((ئەم ژانرە بەرلەوەی ببێتە ژانرێکی ناسراو و بڵاو لە لای نووسەرانی کورد، لەنێو قاموسی زمانی کوردیدا ناوی

بۆ دۆزراوەتەوە ناوەکەش (چیڕ چیڕۆک)ەو لە فەرهەنگی خاڵدا هاتووە. ئەم دیاردەیە وەک ئەوە وایە، بەر لەوەی ساوای چاوەڕوانکراو لە دایک بوویێت ناوی بۆ دۆزرابێتەوە))(حەسەن، ٢٠١٢: ٢٦٩-٢٧٠)، هەروەها نووسەری ناوبراو بەر لەم بۆچوونەی لە بابەت زاراوەی کورتیلەچیرۆک بۆچوونێکی دیکەی هەبووەو لای پەسندتربووەو دەڵێت: ((یێک لە باری خۆم (ڕۆژنامەچیرۆک)م بە لاوە پەسەندەو بەکارم هێناوە، چونکە هەر لەسەرەتاوە ڕۆژنامە بەتایبەتی و بلاوڤۆکەکانی دی وەک ژانرێک، کە بەشی خۆی خوێنەری هەیە باوەشیان بۆ کردەوە))(حەسەن، ٢٠٠٥: ١١٨). گەر سەرنج بدەین جۆرەها زاراوە بۆ ئەم بەرهەمە ئەدەبییە بەکاردەهێنرێت.

لە ناو نووسەر و چیڕۆکنووسانی جیاجیا، تەنانەت لەلایەن یەک نووسەریش زاراوەی جیاجیا بەکارهاتووە، کەواتە لە نێو ئەدەب و زمانی کوردیدا فرە زاراوە بۆ ئەو ژێرچەشنە ئەدەبییە بەکاردەهێنرێن، بەڵام لە هەموویان زیاتر کە چالاکە و زیاتر توێژەر و نووسەران بەکاری دەهێنن زاراوەی (کورتیلەچیڕۆک)ە، هەر لەبەر ئەوەش ئێمە لێرەدا ئەم زاراوەیەمان بۆ ئەم بەرهەمە ئەدەبییە بەکارهێناوە.

بەهەمان شێوە لە زمانی عەرەبیشدا جۆرەها زاراوەی جیاجیا بۆ کورتیلەچیڕۆک بەکاردەهێنرێت، کە ئەوانیش (القصة القصیرە جدا، القصة اللقطة، القصة الومضة، القصة القصیرە للغایة، القصة المکثفة، القصة الکبسولة، القصة البرقیة، اللوحة القصصیة، الصورة القصصیة، النکتة القصصیة، الخبر القصصي، القصة الشعر، الخاطرة القصصیة، القصه الجدیدة، القصه الحدیث، الحالە القصصیة، المغامرة القصصیة...)(الحسین، ٢٠١٠: ٢٦)، ئەم زاراوانە بە تێپەڕبوونی کات ژمارەیان لە زیادبووندایە، بەپێی نوێبوونەوەو دونیای مۆدێرنەتەو پەیوەست بە دونیای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە زاراوەی دیکە بۆ ئەم جۆرە بەرهەمە دێنەکایەوە.

لە زمانی فارسیشدا جۆرەها دەستەواژەو زاراوە بۆ ئەم جۆرە ژێرچەشنە ئەدەبییە بەکاردەهێنرێت، (داستان مینی مال، داستان برق اسا، داستانهای قوطی کبریتی، داستان طرح وار، داستان لاغر، داستان آتشین، داستان کوچک و داستان ناگهانی، داستان ارزان، داستان تند، داستان کارت پستال، داستان کنسروشدە)(النگرودی و دیگران، ١٣٩٤: ١٦). لەگەڵ ئەمەشدا لە زمانی ئینگلیزیدا چەندین زاراوە بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێن، وەکو (FLASH FICTION, MICRO FICTION, VERY SHORT STORY, SHORT STORY, MICRO STORIES, POSTCARD SHORTS FICTION, SUDDEN FICTION, SHORT STORIES (FICTION, NANO FICTION, Chathrine, Sustana), www.academia.edu : 2017)، ئەم فرە زاراوەییە لەم زمانە جیاجیایانەدا دەمانگەیێنێتە ئەوەی کە ئەدیبیان و ڕەنخەگران کۆک نین تەنها لەسەر بەکارهێنانی یەک تاکە زاراوە بۆ ئەم ژێرچەشنە ئەدەبیە، بۆیە جۆرەها زاراوە بەکاردەهێنن، هەرچەندە لەناو هەر زمانێ لەواوە کە دانەیەکیان زۆرترین بەکارهێنانی هەبێت.

**٢-١ چەمك و پێناسەی کورتیلەچیرۆك:**

کورتیلەچیڕۆک جۆرە پەخشانێکی هونەرییە، شێوەکی نوێتری چیرۆکەو لە جیهاندا بەردەوام لە گۆڕاندایەو لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و دونیا هاتۆتە کایەوە، واتا پێویستییەکانی ڕۆژگارو سەردەم وای دەخواست کە هونەرێکی لەم شێوەیە بێتەکایەوە، کورتیلەچیڕۆک وەکو شێوەیەکی نوێ و ژانرێکی ئەدەبی تازە لە دوای دووەم جەنگی جیهانی لە نێو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی بە هۆی هەندێك فاکتەری گرنگ و خێرای ڕۆژگارو پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو پەیدابوونی ماشینەگەورەکان و چاپەمەنی و بە ئامێربوونی مرۆڤ، دەستی بە نەشونماکردن و پەرەسەندن کردووەو توانیوەتی لە ماوەیەکی کەمدا سنووری وڵاتان ببڕێت و لە نێو زۆربەی ئەدەبی نەتەوەکاندا بڵاوببێتەوە، ((کورتیلەچیڕۆک شێوازێکی تازەترە لە کورتە چیڕۆک و بەگەشەسەندنێکی هونەری چیڕۆک دادەنرێت، لە تواناداییە هونەری کورتیلەچیڕۆک بە بچووکی قەبارەو درێژییەکی دیاریکراو، خێرایی ڕەوتی گێرانەوەو، بەسادەیی ڕستەو، وشەکان، کورتبێژی لە دەربڕینداو هاوڕێ لەگەڵ مامەڵەکردنێکی تایبەتدا لە مەزراندنی شوێن و کەسایەتیەکاندا لە جۆرەکانی

تـری جیابکرێتەوە))(سـەعید، ٢٠٠٨، ٥)، کەواتـە پێویسـتییەکانی ڕۆژگارو خێرایـی و تیـژ تێپەڕیـن و پەلەپەلییەکانـی ژیـان و کورتبوونـەوەو مۆدێرنەتـەو جیهانگیـری هـۆکاری هاتنەکایـەی ئـەو هونـەرەن، چونکـە کورتیلەچیـرۆک وەک فەرمانێـک هـات بـۆ تێرکردنـی ئـەم خواسـتە بەپەلەیـە، ئەمـە پێویسـتییەکی ویسـتراوە کـە لەگـەڵ خێرایـی و فشـارەکانی ژیانـدا بگونجێت. دەرکەوتنـی ئـەم هونـەرە بێهـودە نەبـوو، بەڵکـو بـە هـۆکاری ئەرێنـی دەرکەوتـووە کـە پەیوەندییـان بـە ڕادەی مەبەسـتداربوون و هۆشـیاری چیرۆکنووسـەوە هەبـوو، کـە پاڵـی پێدەنێـت هەوڵـی داهێنـان و داهێنـان بـدات.

کورتیلەچیـرۆک وەک هونەرێکـی ئەدەبـی لـەدوای سـەرهەڵدانیەوە بەتایبەتـی لـە نێوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم، بەشـێوەیەکی گرنـگ لـە لایـەن توێـژەران و لێکۆڵەرانـی بـواری ئـەدەب بەگشـتی و هونـەری گێڕانـەوەو چیـرۆک بەتایبەتـی کەوتۆتـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوەو بەگوێـرەی بۆچـوون و دیـدگای خۆیـان ویسـتویانە ئـەو هونـەرە کـە دەچێتـەوە نـاو سـەرچاوە مەزنەکـە کـە چیرۆکـە، پێناسـەو هەڵسـەنگاندنی تایبەتـی بـۆ کـراوە. لێـرەدا ئامـاژە بەهەندێـك پێناسـەی جیاجیـا دەکەیـن، هـەر نووسـەرو توێژەرێـك لەلایەنێکـەوە بـۆ ئـەم هونـەرە چـووەو ناسـاندوویەتی.

لـە دونیـای ئەدەبـی مۆدێرنـدا کـە بـاس لـە کورتیلەچیـرۆک دەکرێـت، بەرهەمەکـەی (ناتالـی سـاروت) (Tropismes) دێتـە بـەر دیدگامـان و کـە لـە زمانـی عەرەبیـدا بـە (انفعـالات) و لـە کوردیـدا بە(هەڵچوونـەکان) وەرگێـڕدراوە، کـە ناونیشـانە سـەرەکییەکە وشـەیەکە جگـە لـە زمانـە لاتینییـەکان هیـچ وەرگێڕانێکـی نییـەو هیـچ لێکدانەوەیەکـی نییـە، هەروەهـا سـەبارەت بـە هەڵچوونـەکان (فتحـی العـشری) دەڵێـت: دەتوانرێـت لـە ژێـر هەندێـک جـۆری نـاسراوی داهێـنراوی ئەدەبیـدا جێگیـر بکرێـن، وەک... چیـرۆک و شـیعری ئـازاد... لـە هەمـان کاتـدا ناتوانرێـت بخرێنـە ژێـر هیـچ جـۆرە داهێنراوێکـی ئەدەبـی نـاسراو و نەنـاسراوەوە.

هەروەهـا لـە باسـکردنی نووسـینەکانی نێـو ئـەو بەرهەمـە دوای دوودڵـی و وردبینییەکـی زۆر نازانێـت بـە چ شـێوەیەك بیانناسـێنێت؟ کـە ئایـا ئـەم نووسـینانە، چیـرۆک، وێنـە، یـان هەسـت و سـۆزن، هەروەهـا دەڵێـت: هەڵچوونـەکان لـە ڕاسـتیدا، وێنـەی سـاتەوەختن، کـە نووسـەر وەریگێـڕاوە بـۆ وشـە... ئـەم و شـانە چـڕ و تایبەتـن و هەسـتەکان دەردەبـڕن، ئـەم هەڵچوونانـە لەسـەرخۆن، ڕاسـتگۆن و نزیکـن لـە شـتەکان، ئـەم شـتانە ئاڵـۆز و بیسـتراو و هەبـوون کـە لـە هەندێکیانـدا ژیـان و مێژوومانـی تیـادا دەبینین(العـشری، ١٩٧١: ٢٥-٢٧).

کاتریـن ئـان پۆتـەر دەڵێـت: ((کورتیلەچیـرۆک کارێکـە کـە لـە پلـەی یەکەمـدا بیرۆکەیـەک بخاتـەڕوو لـە هەمـان کاتـدا هەنـدێ زانیـاری دەربـارەی سروشـتی مـرۆڤ بەهەسـتێکی قووڵـەوە دەربخات))(بـردی، ٢٠١٠: ١٤)، ئـەم پێناسـەیە ئاماژەیـە بـۆ قووڵبوونـەوەو وردبوونـەوە بـۆ ئـەو بیرۆکەیـەی کـە بەشـێوەیەکی سـەرنجراکێش دەیخاتـەڕوو دەربـارەی هەندێـك زانیـاری وردی سروشـتی مـرۆڤ کـە لـە نـاخ و هەسـتێکی قووڵـەوە دەربخرێـت.

لەپێناسـەیەکی دیکـەی کورتیلەچیرۆکـدا کـە (ئەحمـەد جاسـم حسـین) کردویەتـی، لـە ڕووی چەمـک و زاراوەوە بـۆ کورتیلەچیـرۆک چـووەو بەشـێوەی وردبینـی و سـەرنجدان لەسـەر دوو تایبەتمەنـدی دیـار ئـەم چەشـنە ئەدەبییـە دەناسـێنێت و دەڵێـت: تایبەتمەندیـەک پەیوەسـتە بەوشـەی چیـرۆک کەچەشـنە سـەرەکییەکە کورتیلەچیرۆکـە پەیوەنـدی ژانـری ئەدەبـی بـە چیرۆکـەوە هەیـەو سـەر بەچیرۆکـەو وەک ڕووداوێـک بەسـەرهاتێک گێڕانەوەیـەک، کـە هەنـگاوی هاویشـتووەو چـڕ بۆتـەوە. کـە بـە هـۆی زمـان و تەکنیـک و تایبەتمەندییـەوە هاتۆتەبـوون و وەک ژانرێکـی ئەدەبـی تازەگـەرو مۆدێـرن دەزانرێـت، تایبەتمەنـدی دووەم زۆرکـورت، یـان کورتیلـە کـە زیاتـر مەبەسـتی چڕبوونـەوەو چڕکردنەوەیـەو پەیوەنـدی بەچەندایەتییـەوە هەیـە، لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: ((کورتیلەچیـرۆک چەشـنە ئەدەبییەکـەو سـەر بەچیرۆکـەو ڕووداو و بەسـەرهاتێک دەگێڕێتـەوە، کـە بـە هـۆی ئابوریکـردن و تەکنیکـە تایبەتەکانـی زمـان و چڕکردنـەوە هاتۆتـە بـوون و وەک ژانرێکـی ئەدەبـی مۆدێـرن دەزانرێت))(الحسـین، ٢٠١٠: ١١)، (حەمەفەریـق حەسـەن) لـەڕووی زاراوەییـەوە بـە کورتیلەچیـرۆک دەڵێـت: وردیلەچیـرۆک و پێناسـەی دەکات و دەڵێـت: ((وردیلەچیـرۆک ژانرێکـە، سـەر بـە هونـەری گێڕانەوەیـە. بریتییـە لـە وێناکردنـی هەڵوێسـتێکی مرۆڤانـە بـە کەمتریـن وشـە. چونکـە نـە لـە سـەر وەسـفی قارەمـان و

شوێن و ئێکسوارەکانی قارەمان دەوەستێت و نە درێژەش بە گێڕانەوەی بێزارکەر دەدات. بەڵکو خۆی لە گوتەبێژی کورت و ئاماژەدا چڕدەکاتەوە. ئەگەرچی لە ڕووبەرێکی کورتیشدا بیچمگیرە، وەلێ ڕەگەزەکانی چیرۆک لە ڕووداو، گرێ، چنین و قارەمانی تێدایە. نووسەرێک دێت، دێت وردەکاری لەبەکارهێنانی وشەدا دەکات، کە مەرجە تەواو لە شوێن خۆیاندا جێیان بۆ کرابێتەوە درێژەدان بەگێڕانەوە، وەسف و وشە هاوکات لەم تەرزە ئەدەبەدا جێیان نابێتەوە، زیاتر پێویستی بە خەیاڵی چڕو بە گەڕخستنی وشەگەلێکە کە لێکدانەوەی زۆر هەڵبگرن و بە واتاو ئاماژە دەوڵەمەندبن، بەزۆری کۆتاییەکی کتوپڕی ئەوتۆی هەیە هۆشیاری وەرگر تووشی تاسان و شڵەژان دەکات))(حەسەن، ٢٠١٢: ٢٧٦)، ئەم پێناسەیە هەرچەندە کەمێک درێژە بە تەواوی لایەن و گۆشەو تایبەتمەندیەکانی کورتیلەچیرۆکی تیایدا باسکراوە، کەواتە کورتیلەچیرۆک بەشێک لە توخم و تەکنیکەکانی گێڕانەوەی تێدایە، بەڵام بە بەکارهێنانی کەم و کورترین شێوە. بۆیە دەتوانین کورتیلەچیرۆک لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسە جیاجیایانەدا بەم شێوەیە بناسێنین و بڵێین: کورتیلەچیرۆک ژێرچەشنە هونەرێکی ئەدەبی چیرۆک و گێڕانەوەیە، لە کورتەچیرۆک بچووکترو کورتترە، بەچڕی و خێرایی ڕووداوێک دەگێڕێتەوە لە کەمترین ماوەداو بەکەمترین وشە، ئەم کورتی و کەمترینە وا دەکات لە ماوەیەکی کەمیشدا بخوێنرێتەوەو پەیام و ئامانجی خۆی بە خوێنەر بگەیێنێت.

**٣-١ بنەما هونەرییەکانی کورتیلەچیرۆک:**

کورتیلەچیرۆک هەروەک لە پێشتراو لە بارەی زاراوەو چەمک و پێناسینەوە بۆچوون و بیری جیاجیای نووسەران و توێژەرانمان دەربارەی دەرخست، بەهەمان شێوە لەبابەت بنەما هونەرییەکانیشیەوە بۆچوونی نووسەران و توێژەران دەربارەی ئەم ژانرە هەڵگری بیروڕای جیاوازن، تەواوی بۆچوونەکان یەکگرتوونین، بەواتایەکی دیکە بۆچوونەکان یەکسان نین و جۆرە جیاوازییەکی فرەیی پێوە دەبینرێت، بۆیە توێژەران و ڕەخنەگران و نووسەران هەر یەکەو لە دیدگای خۆیدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەداتە پاڵیەوە. کورتیلەچیرۆک وەک ژێرچەشنە ئەدەبییەک سەر بەچەشنی چیرۆک و گێڕانەوەیە لە دوای کورتەچیرۆک هاتۆتەکایەوە، هەرچەندە کۆمەڵێک بنەمای هونەری هەیە، کورتیلەچیرۆکی پێ لە کورتەچیرۆک جیادەکرێتەوەو لەهەمانکاتیشدا ئەو بنەما هونەرییانە ناسنامەیەو ئەو ژێرچەشنە ئەدەبییەی پێ دەناسرێتەوە. توێژەرێکی وەکو (د.عبدالحەکیم سلێمان) پێی وایە کەدەبێت کورتیلەچیرۆک هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی بێت کە بریتیین لەمانە:

١- گێڕانەوەیی.

٢- چڕکردنەوەی زمانی.

٣- یەکێتی ئۆرگانیکی بۆ بابەتەکە.

٤- ئامادەگی پارادۆکس (جیاوازی و حەقیقەت).

٥- کاریگەری ڕستەیی، یان ڕستەی ڕووداوی(المالکی، ٢٠١٥: ٩٨-٩٩).

هەروەها (جۆن بارت) کۆمەڵە بنەمای هونەریی دیکە دیاری دەکات کە بە پێویستی دەزانێت لەکورتیلەچیرۆکدا هەبن، وەکو:

١- وشەی کورت و بچکۆلە.

٢- ڕستەو پەڕەگرافی کورت.

٣- کەسایەتی دیاریکراو.

٤- کردەوەو دژەکردەوە.

٥- بارستایی دیاریکراو.

٦- جێکردنەوەی هەژمارێکی کەمی چیرۆک لەیەک بەرگدا (تەرەغە، ٢٠١٣: ٤٥-٤٦).

هەروەها (ئازاد محمد) کۆمەڵێک خاسیەت و بنەمای هونەری دیاریکردووە کە کورتیلەچیرۆکیان پێ دەناسرێتەوەو هەروەها وەک خاڵی جیاکردنەوە هەڵسەنگاندنی ئەم ژێرچەشنە ئەدەبییە دیاری دەکات و پێی لە کورتەچیرۆک جیادەکاتەوە کە ئەوانیش بریتین لە:

١- بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٣٨ هاتەکایەوەو لەسەردەستی ناتالی ساروت هاتە بەرهەم.

٢- ژمارەی وشەکانی (١٠٠٠-١٥٠٠) وشەیە، کە (١٢٠٠) وشە باشترین و بە چانسترینیانە بۆ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا.

٣- کاتی خوێندنەوەی ماوەی چاوەڕوانی کردنی پاسە

کـە پانـزدە خولەکـە.

٤- گرێچـــن بەهەرسـێ بارەکانیـــەوە (ســـەرەتاو لوتکـــەو خاوبوونـــەوە) زۆر بەڕوونـــی دیارنییـــە، تێکچڕژانیـــان پێـــوە دیـــارە.

٥- ڕووداو چـڕو خەسـت و وردو بروسـکە ئاسـایە، ناواخنـی تیـادا نییـە لەرسـتەیەک تاپەڕەگرافێـک مـەرج نییـە چەنـد لاپەڕەیـەک بێـت.

٦- ئامانجـی کورتیلەچیـرۆک پێشکەشـکردنی وێنـەی هونەرییـەو گەیاندنـی بیرۆکەیەکـی بەقەبـارە بچـوک و بەکاریگـەری گـەورەو گـران و گرنگتریـن ئامـرازی زمانـە.

٧- دەسپێک و چوونـە نـاو ڕووداو زۆر خێرایـەو تێکچڕژانـی پێـوە ئاشـکرایە.

٨- خوێندنـەوەی چەندبـارەو وردی دەوێـت، بەمەبەسـتی چێژوەرگرتـن و تێگەیشـتن لـە لێکدانـەوەی چـڕو ورد لەلایـەن خوێنـەرەوە.

٩- کورتیلەچیـرۆک لـە کورتەچیـرۆک کورتـرەو لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا زیاتـر خوێنـەری زۆرتـرە.

١٠- ناونیشـان گرنگـی خـۆی هەیـە، لـە زوو تێگەیشـتنداو بەشـی زۆری نـاوەڕۆک بـە خوێنـەر دەدات.

١١- لـە ڕووی (بینـا، درێـژی، یەکـە، جەخـت کردنـەوە، وەسـف، گێڕانـەوە، بابـەت) واتـا لـەڕووی بینـای توخمەکانیـەوە زۆر لەکورتەچیـرۆک کورتـترەو تیژتێپەڕتـرە، مەرجیـش نییـە بەسـەر یەکەیەکـەی ئـەم خاڵانـە تێپەڕببێـت.

١٢- سـات و کاتێکـی زۆر کـورت و کـەم خایـەن لەژیـان و هەڵوێسـتی کەسـایەتیەک وەردەگرێـت و لـە گێڕانـەوەدا دەری دەخـات.

١٣- لەسـەردەمی تەکنەلۆجیـای نـوێ و پێشـکەوتندا زۆر بەپەلـە ڕوودەدات و لەسـەردەمی جیهانگیریـدا کورتیلەچیـرۆک شـیاوترین ژانـرە بـۆ بەرجەسـتەکردنی ئـەو پێشـکەوتنەو ئازارەکانـی ڕۆژگار و سـەردەم.

١٤- نـاکاوی شـۆک و هەژانـدن لـە کۆتایی کورتیلـە چیرۆکـدا دەردەکـەوێ.

١٥- لـە کورتیلەچیرۆکـدا ڕووداو پەیوەسـتە بـە کەسـایەتیی تاکێکـەوە لـە چـاو ژیانیـدا سـاتەکاتێکی زۆر کورتـە، یـان مشـتێک یـان نموونەیـەک، یـان هەڵوێسـتێک لـە ژیانـی وەردەگیرێـت (سـعید، ٢٠٠٨: ٤٢-٤٣). سـەرەڕای ئـەم بنەمایانـە، ئـەم ژێرچەشـنە ئەدەبییـە، بـەردەوام لـە گۆڕانکاریدایـە بەتایبەتـی لـە ڕووی شـێوە و قەبـارەوە، جۆرێکـی تایبەتـە لـە لاپەڕەیـەک تێناپەڕێـت، دەشـێ دوودێـڕ، یـان تەنهـا یـەک دێربێـت و تایبەتمەندییەکانـی چیرۆکـی تێدایـە لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی چڕکردنـەوەو ئامـاژەو لادانـەکان، کەواتـە لەپـاڵ ئەمانەشـدا کورتکردنـەوە گرنگتریـن لایەنـی ئەدەبییـە لـە نووسـینی کورتیلەچیرۆکـداو ئـەوەی کورتیلەچیـرۆک دەنووسـێت، دەبێـت شـارەزایی باشـی هەبێـت لـە شـێوازی کورتکردنـەوەداو کـە بەچنینێکـی راسـت و دروسـت وشـەکان فۆرمەلـە بـکات، هەروەهـا دەبێـت گرنگـی زۆر بـە ڕووداو بـدات و بوارێکـی نییـە بـۆ گەمـەی زمانەوانـی و گەمـەی فۆڕم(کۆمەڵێـك نووسـەر، ٢٠٢٢: ١١٠)، سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئـەم جـۆرە بەرهەمـە ئەدەبییـە نەیـاری زۆرە، بـەڵام لـە هەمانکاتیشـدا پێشـوازی لێکردنیشـی زۆرە.

**تـەوەرەی دووەم: مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتیلـە چیـرۆک لەسـەر ئاسـتی جیهـان و ناوچەکـە و کوردسـتاندا**

**١-٢ مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتیلـە چیـرۆک لـە ئەدەبـی جیهانیـدا**

لـە ئەدەبـی جیهانیـدا مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتیلەچیـرۆک دەبەسـتنەوە بـەو گۆڕانکاریيانـەی لـە نێـوان هـەردوو جەنگـی جیهانیـدا ڕووی دا، بـە هـۆی ئـەو گۆڕانکاریيانـەی لـەو سـەردەمەدا هاتنـە ئـاراوە، بـووە هـۆی ئـەوەی کـە لـە لایـەن چیرۆکنووسـانەوە بایـەخ بـەم هونـەر و جـۆرە داهێنانـە بدرێـت، بـە شـێوەیەکی گشـتی سـەرەتای سـەرهەڵدانی کورتیلـە چیـرۆک دەگەڕێتـەوە بـۆ بەرهەمەکـەی (ناتالـی سـاروت) بەنـاوی (tropisms- انفعـالات- هەڵچوونـەکان) کـە لـە سـاڵی ١٩٣٨ بـڵاوی کردۆتـەوە، بـەڵام ئـەو مێـژووە بـۆ کۆنـتر لـەم ڕێککەوتـە دەگەڕێتـەوە، لـە دونیـای ئەدەبـدا هیـچ ژانرێـک لەخـۆوە نایەتـە کایـەوە، دەبێـت ڕیشـە و فاکتەرێکـی هەبێـت کـە کاریگـەری لەسـەر سـەرهەڵدان و هاتنەکایـەی ئـەو ژانـرە هەبێـت، بۆئـەوەی لـە دایـک بێـت و ڕووناکـی ببینێـت لـە نێـو بوارەکانـی ئەدەبـدا، گۆڕانـکاری و گەشەسـەندن دەورێکـی گرنـگ دەگێـڕن لـە هاتنـە کایـەی

جۆری ئەدەبی، بەو پێیەی سەدەی بیستەم سەردەمی گەشەسەندن و پێشکەوتنی خێرابوو، ئەم هونەرە لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا بەهۆی فاکتەرە خودی و بابەتییەکانەوە دەرکەوت، (ئێرنست هێمنگوای) یەکەمین کەس بوو لە ئەمەریکای لاتین لە ساڵی ١٩٢٥دا لە یەکێک لەبەرهەمە چیرۆکییەکانیدا زاراوەی کورتیلە چیرۆکی بەکار هێناوە، کە بەرهەمە چیرۆکییەکەشی تەنها لە هەشت وشە پێک هاتبوو "بۆ فرۆشتن، پێڵاو بۆ مناڵ، هەرگیز لەبەر نەکراوە"، هێمنگوای بەم بەرهەمە شانازی دەکرد، کە کورتترین دەقە لە جیهاندا و وای دادەنا کە گەورەترین داهێنانیشە لە جیهاندا، لە بەرانبەر ئەمەدا بەرهەمێکی دیکە کە هیی نووسەری گواتیمالایی (أوجستو مونتیروسو)یە، بە یەکەمین کەس دادەنرێت کە کورتترین دەقی خەیاڵی نووسیوە بە ناوی (دایناسۆر) کە دەقەکە بەم شێوەیەیە: "کاتێک لەخەو هەڵسا، دایناسۆرەکە هەرلەوێ بوو"، کە لە حەوت وشە پێک هاتووە(حمداوی، ٢٠٠٩: ٥)، هەندێك لە رەخنەگران و توێژەران دەرکەوتنی کورتیلە چیرۆک دەگەڕێننەوە بۆ ئەمەریکای لاتین و ساڵی١٩٥٠ لە ئەرجەنتین ئەو هونەرە دەردەکەوێت، کە دەرکەوتنی ئەم هونەرەش دەبەستنەوە بە دەرکەوتنی نووسەرانی وەکو (پۆی کازارێس، جۆیس بۆرخیس) کە ئەمانە ئەنتۆلۆژیای کورتیلە چیرۆکیان ئامادە کردووە و چیرۆکی زۆر زۆر کورت و سەیریان هەبووە، کە لە دوو دێر پێک هاتووە و کە دواتریش لەگەڵ هاتنی گۆڤارەکانی وەرگێڕان و رۆژنامە و گۆڤارە نێودەوڵەتی و ئەوروپایی و عەرەبییەکان و لە رێگەی بەکولتوورکردن و کاریگەرییەوە بڵاوبوویەوە (لنگرودی و دیگران، ٢٠١٥: ١٧)، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێک گەنج هاتنە پێشەوە و بانگەشەی هاتنە ئارای رەوتێکی نوێیان دەکرد لە بابەت رۆمانەوە، ئەم رەوتەش لەسەردەستی هەریەك لە (ئالان رۆبگرێ، ناتالی ساروت، سیمۆن دیڤوار، میشال بۆتۆر)و چەند رۆمان نووسێکی دیکە پەیدابوو، ئەم نووسەرانە بانگەوازی جۆرە نووسین و رۆمانێکیان دەکرد، کەوا پێویستە رەنگدانەوەی سەردەم بێت و داواکارییەکانی ئەو رۆژگارە بێنێتە کایەوە، بەتایبەتی لەو بنیاتە دەستکردەی وای لە رۆمان دەکرد لە واقیع دوور بکەوێتەوە، چونکە ئەم نووسەرانە باوەڕیان بە توانەوەی تاک لە نێو کۆمەڵدا هەبوو، هەروەها پێیان وابوو، دەبێت رۆڵی پاڵەوان لاواز بێت و جیاوازیی چینایەتی نەمێنێت، کە دواتر ئەم بڕوا و بانگەوازەی ئەم نووسەرانە لە چوارچێوەی (رۆمانی نوێ- New Novel) دا جێگیر بوو، لە ژێر ئەم رۆشناییەدا (ناتالی ساروت) بەرهەمەکەی خۆی (هەڵچوونەکان) بەناوی (رۆمانی نوێ) لە ساڵی ١٩٣٨دا بڵاو دەکاتەوە(العشری، ١٩٧١: ١٢). بەر لە (ناتالی ساروت) لە دونیای ئەدەبی عەرەبیدا (نوئێل رسام) لە ساڵی ١٩٣٠ دوو کورتیلە چیرۆک بە ناوەکانی (موت فقیر) لە رۆژنامەی (البلاد) لە حوزەیرانی١٩٣٠ و (الیتیم) لە رۆژنامەی (الزمان) لە تشرینی یەکەمی ١٩٣١ لە بەغدا بڵاو دەکاتەوە(بردی، ٢٠١٧: ٢٩)، بەهۆی ئەمەوە رەخنەگرێکی وەکو (احمد یوسف عقیلە) پێی وایە کە (نوئێل رسام) بەر لە (ناتالی ساروت) دەستی کردووە بە داهێنانی کورتیلە چیرۆک بەو بەرهەمەی کە لە ساڵی ١٩٣٠ بە ناوی (الموت الفقیر- مەرگی هەژارێک) بڵاوی کردۆتەوە، چونکە (ناتالی ساروت) لە ساڵی ١٩٣٢ دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی کردووە و دواتر لە ساڵی ١٩٣٨دا وەک کتێبێک بڵاویان دەکاتەوە(عقیلە، ٢٠١٣: www.alnaked-aliraqi.net). (ناتالی ساروت) لە ساڵی ١٩٣٨ کۆمەڵێک چیرۆکی زۆر کورت لە کتێبێکدا بە ناوی (tropism- انفعالات- هەڵچوونەکان) بڵاو دەکاتەوە، کە لە راستیدا ساڵی ١٩٥٢ سەرەتای راستەقینەی ئەم هونەرە بووە و دەیان هەزار دانەی لێ فرۆشراوە و دواتریش چەندین لەم دەقانە وەرگێڕدراون بۆ زمانی جۆراوجۆر، هەر لە پاریس بە فەرەنسی تا ساڵی ١٩٦٩ چەندین جار چاپ کراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٥٩ وەردەگێڕدرێتە سەر زمانەکانی ئەڵمانی و ئیتاڵی و دانیمارکی، لە ساڵی ١٩٦٠ دەکرێتە نەرویجی و لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ ئینگلیزی و هۆڵەندی وەردەگێڕدرێ (بن خویە، ٢٠١٩: ١٥٥)، لە ساڵی ١٩٧١یشدا (فەتحی العشری) ئەم بەرهەمە وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و کتێبەکە دەکاتە دوو بەش و پێشەکییەکی لە بەشی یەکەمدا بۆ دەنووسێت و بەشی

دووەمیش دەقـەکان لـە ژمـارە (١-٢٤) دابـەش دەکات بەسـەر کورتیلـە چیرۆکـدا و دەق لـە دوای دەق لـە ژێـر نـاوی چیـرۆک دایدەنێـت (العـشری، ١٩٧١: ٤٥-١٤٧)، عـەشری لێـرەدا خـۆی ناوەکـە دیـاری دەکات و دەقـەکان بـە نـاوی چیـرۆک بـەش بـەش دەکات.

لـە چلەکانـی سـەدەی بیسـتەمدا و چیرۆکنووسـێکی وەکـو توفیـق یـوس عـواد کۆمەڵەیـەک بـە نـاوی (العـزاری)ی لـە سـاڵی ١٩٤٤دا بـڵاو دەکاتـەوە، لـەم بەرهەمـەدا کۆمەڵێـک کورتیلـە چیـرۆک لـە ژێرنـاوی (حکایـات) بـڵاو بوونەتـەوە کـە بنەماکانـی کورتیلـە چیرۆکیـان تێدایـە (بـن خویـە، ٢٠١٩: ١٥٦)، ئیـتر دوای وەرگێڕانـی بەرهەمەکـەی (ناتالـی سـاروت) بـۆ زمانـی عەرەبـی و بڵاوبوونـەوەی بـە دونیـادا، ئیـدی ئـەم هونـەرە جێـگای خـۆی کـردەوە و بـووە هونەرێکـی جیهانـی.

**٢-٢ مێـژووی سـەرهەڵدانی کورتیلەچیـرۆک لەئەدەبـی عەرەبیـدا:**

کورتیلەچیـرۆک لـە ئەدەبـی عەرەبیـدا بـە کاریگـەری کورتیلـە چیرۆکـی ئەدەبـی ئەوروپـی هاتۆتـە کایـەوە و هەروەهـا لـە هەمـان کاتـدا کورتـە چیرۆکیـش چ عەرەبـی، یاخـود ئەوروپـی کاریگـەری لەسـەر کورتیلـە چیرۆکـی عەرەبیـدا هەبـووە، بـەڵام بـەر لـەم سـەردەمەی کـە کورتیلـە چیرۆکـی عەرەبـی تێـدا هاتـە کایـەوە، لـە کولتـوور و ئەدەبـی کۆنـی عەرەبیـدا کۆمەڵێـک فۆڕمـی گێڕانەوەیـی نـووسراو هەبـوون، هاوشـێوەی فۆڕمەکانـی کورتیلـە چیـرۆک، وەک: فەرمـوودە، هـەواڵ، نوکتـە، مەتـەڵ، حیکایـەت، مەقامـە، ئایات...هتـد، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە ئـەم هونـەرە لـە دونیـای ئەدەبـی عەرەبیـدا ڕەگوڕیشـەیەکی کۆنـی هەیـە، کەواتـە کورتیلـە چیرۆکـی عەرەبـی درێژکـراوەی میراتـی ئـەو بەرهەمـە کولتوورییانـەی عەرەبـە (حمـداوی، ٢٠١٣: ٧).

لـە ئەدەبـی عێراقیـدا وەرگێـڕان ڕۆڵێکـی کارای بینیـوە، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی (حسـین حسـن) چەنـد کورتیلـە چیرۆکێکـی نووسـەری فەرەنسـی (فلیـژس فیفـۆن)ی وەرگێـڕاو لەژێـر ناونیشـانی (قصـص السـطور الثلاثـە) لـە سـاڵی ١٩٦٤دا لـە پاشـکۆی کۆمـاری بـڵاوی کردنـەوە (الطائـی، ٢٠٠٢: ٩)، دواتـر نووسـەران لـە وەرگێـڕان و بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانیـان بـەردەوام بـوون کـە لـەم سـەردەمەدا و بەتایبەتـی لـە شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەمدا ئاماژەیـان بـە جـۆری بەرهەمـە ئەدەبییەکـە نەدەکـرد، یاخـود بەرهەمەکانیـان ئـەو بنەمـا و تایبەتمەندییـە هونەرییانەیـان بەتـەواوی تێـدا نەبـووە و بـەلای یەکێـك لـە هونەرەکانـدا دەشـکانەوە، کاتێـک کورتیلەچیرۆکیـان نووسـیوە و بڵاویـان کردۆتـەوە، بـەڵام بنەمـا و تایبەتمەندیـی کورتـە چیرۆکـی بـە سـەردا جێبەجـێ کـراوە، یـان لـە نێـوان کورتـە چیـرۆک و کورتیلـە چیرۆکـدان، بـەر لـە وەرگێڕانەکـەی (فەتحـی عـەشری) بـۆ (tropisms)ەکـەی (ناتالـی سـاروت) دەبینیـن جاروبارێك و تـاک و تـەرا نووسـەران بەرهەمیـان هەبـووە، وەکـو (خالـد حبیـب راوی، عبدالرحمـن مجیـد الربیعـی)، کـە لـە سـاڵانی شەسـتەکاندا بەرهەمیـان دەنووسـی و لـە ژێـر کاریگەریـی کتێبـە وەرگێڕدراوەکانـی (ئـالان رۆب گری)یـەدا بـوون کـە بـە نـاوی (ڕۆمانـی نـوێ) وە بـوو، هەروەهـا لـە ژێـر کاریگەریـی چیرۆکـی شـەپۆلەکانی (ڤێرجینیاولف)بـوون، الربیعـی بـۆ یەکەمیـن جـار کورتیلـە چیرۆکـی بـە شـێوازی نـوێ و پشـت ئەسـتور بەبنەمـا و دەسـتووری کورتیلـە چیرۆکـی بـە نـاوی (ثـلاث زهـرات فـی ممـر بـری) لـە کۆمەڵـە چیرۆکـی (المواسـیم الاخـری) بـوو، لـە سـاڵی ١٩٦٩ نووسـی بوونـی و بـە کورتیلـە چیرۆکـی تـەواو ئەژمـار دەکـران، هەروەهـا لـە هەمـان سـاڵدا چیرۆکنـووس (خالیـد الـراوی) کۆمەڵـە چیرۆکێکـی بـە ناونیشـانی (الجسـد والابـواب) بـڵاو کـردەوە کـە کورتیلەچیرۆکـی (الانـزلاق) ی تێـدا بوو(الصـمادی، ٢٠٠٧: ١٤٦)، بـەڵام وەرگێڕانەکـەی (العـشری) بـۆ بەرهەمەکـەی (سـاروت) دەبینیـن لـە دونیـای ئەدەبـی عەرەبیـدا و بـە کاریگەریـی ئـەو وەرگێڕانـە، کورتیلـە چیـرۆک بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان بـڵاو دەبێتـەوە و دەچێتـە پێـش و لێـرەو لـەوێ نووسـەران ڕوو لـەم هونـەرە دەکـەن و بەرهەمەکانیـان لـە ژێـر نـاوی کورتیلـە چیرۆکـدا بـڵاو دەکەنـەوە، (ابراهیـم احمـد) لـە سـاڵی ١٩٧٤ بەرهەمێـک بـە نـاوی (عـشرون قصـة قصیـرة جـدا) بڵاو دەکاتـەوە، هەروەهـا (احمـد خلـف) بەرهەمـی (نزهـة في شـوارع مهجـورة) لـە هەمـان سـاڵدا بـڵاو دەکاتەوە(بـردی، ٢٠١٧: ٧).

**٢-٣ مێـژووی سـەرهەڵدانی كورتیلەچیـرۆک لـە ئەدەبـی كوردیـدا:**

سـەدەی بیسـتەم سـەدەی گۆڕانكارییـەكان بـووە بـۆ میللەتـی كـورد و هاتنـە ئـارای بـواری ڕۆژنامەگـەری و چـاپ و چاپخانـە و دەركردنـی ڕۆژنامـە و گۆڤـار بـووە، كـە ڕۆژنامەگـەری لـە بـواری پێشخسـتنی پەخشـانی كـوردی و چیـرۆک وەک لقێكـی ئـەم پەخشـانە گەشەسـەندنێكی بەرچـاوی بـە خۆیـەوە بینیـوە و بڵاوكردنـەوەی یەكەمیـن چیرۆكەكانـی كـورد لـە ڕێگـەی ڕۆژنامەگەرییـەوە بـووە. هاتنـی ئینگلیـز بـۆ كوردسـتانی باشـوور و داگیركردنـی و دواتـر بەرپابوونـی شـۆڕش و ڕاپەڕینـی شـێخ مەحمـوود، گۆڕانكارییەكـی فراوانـی لـە بـواری سیاسـی و ڕۆشـنبیری و كۆمەڵایەتـی هێنایـە كایـەوە، كـە بـە هـۆی هاتنـی ئینگلیـز بـۆ ئـەو ناوچەیـە كاریگـەری لـە سـەر بارودۆخـی سیاسـی و كۆمەڵایەتـی هەبـوو، هەروەهـا لـەم سـەردەمەدا چەندیـن بڵاوكـراوە و ڕۆژنامەیـان دەركـرد و یەكەمیـن چیرۆكـی هونـەری كـوردی لـەم سـەردەمەدا بـە نـاوی (لەخەومـا) كـە هیـی نووسـەر (جەمیـل سـائیب)بوو لـە سـاڵی ١٩٢٥ لـە ڕۆژنامـەی ژیـن و ژیانـەوە بـڵاو كرایـەوە.

كەواتـە داگیركاریـی ئینگلیـز هۆكارێـک بـوو بـۆ هاتنـە ئـارای ئـەو بارودۆخـە سیاسـییە و دەركەوتنـی چیرۆكـی هونەریـی كـوردی، هەرچەنـدە لـەم سـەردەمەدا چەندیـن دەقـی دیكـە بـڵاو كراونەتـەوە، بـەڵام تەكنیـک و بنەمـا هونەرییەكانیـان لاسـەنگە و ئـەوەی لـە (خەومـا)دا هەیـە هەموویـان پەتوتـرە. بـە هەمـان شـێوەی باشـووری كوردسـتان، ڕۆژئـاوای كوردسـتانیش بەهـۆی گۆڕانـە سیاسـییەكانی یەكەمیـن جەنگـی جیهانـی، لـە ژێـر داگیـركاری و ئینتیدابـی فەرەنسـادا بـوو، لـە شـام لـە سـەرەتای سـییەكانی سـەدەی بیسـتەم و دواتریـش چەندیـن بڵاكـراوە و گۆڤـار دەرچـوون، وەكـو (هـاوار، سـتێر، ڕووناكـی).

(قـەدری جـان)ی شـاعیر و چیرۆكنـووس لـە گۆڤـاری (هـاوار) لـە سـاڵی ١٩٣٢ لـە ژمارەكانـی (١، ٥، ٦) سـێ كورتیلـە چیرۆكـی هونـەری بـڵاو دەكاتـەوە بـەم كارەی مێژوویەكـی گرنـگ لـە مێـژووی ئەدەبـی كـوردی بەگشـتی و مێـژووی چیرۆكـی هونەریـی كـوردی تۆمـار دەكات. چیرۆكەكانیـش بریتیـن لەمانـە (هـاوار هەبـە گازی ل دوویـە، بـەسرەكا زێڕیـن، هەیڤـا چـاردە شـەڤی) (سـەعید، ٢٠٠٨: ٣١-٣٢)، هەروەهـا لـە سـاڵی ١٩٣٨ كورتیلـە چیرۆكێكـی دیكـە بـە نـاوی (ڕاسـتهاتنەكا عەجێـب) دەنووسـێت و لـە كتێبێكـی خوێندنـی كـوردی یەریڤـان- ١٩٣٨ بـڵاوی دەكاتـەوە (دەوڵـەت، ٢٠٠٦: ٢٤٦)، (قـەدری جـان) بـەم كارەی دەچێتـە ڕیـزی یەكەمینەكانـی نووسـینی كورتیلـە چیـرۆک لـە مێـژووی ئەدەبـی كوردیـدا و دەسـتكەوتێكی ئەدەبیـی گـەورە بـۆ خـۆی و میللەتەكـەی دەنەخشـێنێت؛ قـەدری جـان لـە ژێـر كاریگەریـی ئـەدەب و هونـەری فەرەنسـا بـووە، شـەپۆلی كورتیلـە چیرۆكیـش لـە فەرەنسـاوە هاتـووە، هەروەهـا ئـەم كارەی باكگراوندێكـی ڕۆژئاواییانـەی لەپشـتەوە بـووە، هـەروەک عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوول دەڵێـت: "قـەدری جـان هـەر لەسـەرەتادا لـە باوەشـی قوتابخانـەی تـازە و بـە زمانـی توركـی خوێنـدن و فەرەنسـی فێربوونـدا پـەروەردە بـووە و هـەر لـە سـەرەتادا ئاگاداریـی بزوتنـەوەی تـازەی شـیعری توركـی و ئەوروپایـی بـووە و تارادەیـەک تەنانـەت پـاش عەرەبـی فێربوونیـش لـە شـیعری كلاسـیكی و تەئسـیری دوور بـوو" (ڕەسـول، ٢٠٠٢: ٧-٨)، ئەگـەر بەشـێک لـە نووسـەرە كـوردەكان لـە پارچەكانـی دیكـە كاریگـەر بووبـن بـە ئەدەبـی زمانەكانـی دیكـە بەتایبەتـی ئەدەبـی عەرەبـی لەبابـەت بڵاوبوونـەوە و سـەرهەڵدانی كورتیلـە چیرۆكـدا، ئـەوا لـە ڕۆژئـاوای كوردسـتان و بەتایبەتـی نووسـەرانی گۆڤـاری (هـاوار) ئـەو كاریگەربوونـە ڕەت دەكرێتـەوە، هـەروەک (مەریـوان دەوڵـەت) دەڵێـت: "لـە بەرسـڤی ئـەوەی، كـە دەڵـێ هونـەری كورتیلـە چیـرۆک بـە لاسـاییی عەرەبـەكان هاتۆتـە نـاوەوە... ئـەی تـۆ بڵێـی: چیرۆكنووسـانی گۆڤـاری هـاوار بەگشـتی و بەتایبـەت قـەدری جـان تـەواو كەوتبێتـە ژێركاریگەریـی ئەدەبـی عەرەبـی؟! هەڵبـەت نەخێـر، بەڵكـو زۆربـەی ئـەو نووسـەرانە كەمـتر قالـی زمانـە عەرەبییەكـە بـوون و لـە بەرامبـەردا، بەتایبـەت پیڤـاژۆی چانـدی گۆڤـاری هـاوار زێـتر پشـت ئەسـتوور بـە ئەدەبـی میللـی و پاشـان توركـی و فەرەنسـی بـوو.. لـێ بـۆ كاریگـەری ئەدەبـی عەرەبـی گـەر نەشـڵێین نەبـووە.. دەتوانیـن بڵێیـن زۆر كەمـتر بـووە.. مەگـەر ئـەوەی كـە لـە ژێـر چانـدە ئایینییەكانـدا بووبـێ" (دەوڵـەت، ٢٠٠٦: ٢٤٩)، هـەر لەبـارەی

کاریگـەر نەبوونـی قـەدری جـان بـە ئەدەبـی عەرەبـی (ئـازاد محمـد) دەڵێـت: "یەکێـک لـە بەڵگـە زیندووەکانـی کاریگەرنەبوونـی هیـچ نەتەوەیەکـی دیکـەی دراوسـێکانی کوردسـتان بەتایبەتـی عـەرەب و تـورک لەسـەر قـەدری جـان و کورتیلـە چیرۆکەکانییـەوە یەکێـک لـە ناونیشـانەکانی یەکێـک لـە کورتیلـە چیرۆکەکانـی کـە (بـەسرەکا زێڕیـن)ە لـە هەمـان کاتیشـدا نـاوی شـارۆچکەیەکی دێرینـی ناوچـەی شـارۆچکەی "دێـرک"ی زادگای قـەدری جانـە لـە باکـووری کوردسـتاندا" (سـەعید، ٢٠٠٨: ٣٣).

لـە باشـووری کوردسـتاندا لەسـەد سـاڵی رابـردوودا چەندیـن گـۆڕانکاریـی گـەورەی سیاسـی هاتوونەتـە کایـەوە، بەتایبەتـی لـە دوای سـاڵی ١٩٧٠ کـە ئـەم سـاڵە سـاڵی گەشەسـەندنی کورتیلـە چیرۆکـی کـوردی بـوو، چونکـە بـەر لـەم بـەرواره چیرۆکنووسـانی کـورد لـە ڕووی فـۆڕم و ناوەڕۆکـەوە زیاتـر کێشـەی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و نەهامەتییەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی دەخرانـە ڕوو، هەروەهـا بـە نووسـینەکانی (گـی دی موپاسـان)ی فەرەنسـی و (تشـیخۆفی) ڕووسـی کاریگـەر بـوون، بـەڵام لـە دوای ئـەم بـەروارەوە چیرۆکنووسـان هاتنـە پێشـەوە و لـە ڕووی فـۆڕم و ناوەڕۆکـەوە برەوێکـی مەزنیـان بـە چیـرۆک دا بەتایبەتـی کورتیلـە چیرۆکـی کـوردی، لـە نووسـەرانی کورتیلـە چیـرۆک لـە حەفتاکانـدا (عەبـدوڵا سـەراج، محمـد موکـری، رەئـوف بێگـەرد، کاکەمـەم بۆتانـی، سـەلاح شـوان، لەتیـف حامیـد، حسـێن عـارف، سـەدرەدین عـارف، کاوس قەفتـان، دڵشـاد مەریوانـی، جیهـان عومـەر، ئەحمـەد محمـد ئیسـماعیل، تاهیـر سـالح سـەعید، ئـازاد جوندیانـی) ئـەم نووسـەرانە دەیـان بەرهەمـی ناوازەیـان پێشـکەش کـرد، هەروەهـا گرنـگ و پێویسـتە ئاماژەی بـۆ بکرێـت کـە بـەر لـەم بـەروارەی کـە ئاماژەمـان پـێ دا، هەنـدێ لـە چیرۆکنووسـانی کـورد، هونـەری کورتیلـە چیرۆکنووسـینیان تاقـی کردۆتـەوە و دەسـتێکی باڵایـان تیـادا هەبـووە، لەوانـە چیرۆکنـووس دلشـاد مەریوانـی لـە سـاڵی ١٩٦٥دا کورتیلـە چیرۆکی(قالۆنچـە)ی نووسـیوە و دواتـر لـە کۆمەڵەچیرۆکـی (بـە پەنجەکانـم دەتبینم)(محەمـەد ئەمیـن، ١٩٧٨: ١٨) بـڵاوی کردۆتـەوە و هەروەهـا چیرۆکنـووس (ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل) لـە سـاڵی ١٩٦٨ دوو کورتیلەچیرۆکـی بـە نـاوی (ئەنجامـی پەیامێـك، ڕێـگای ڕاسـتی)و لـە سـاڵی ١٩٦٩ کوتیلـە چیرۆکی(دیارییەکـی پەسـندنەکراو)ی نووسـیوە و دواتـر لـە کۆمەڵەچیرۆکـی (ئەسـپ)دا (ئیسـماعیل،١٩٧٨: ١١-٢٣) بـڵاوی کردۆتـەوە، ئـەوەش دەرخـەری ئەوەیـە کـە چیرۆکنووسـان بـەر لـە وەرگێڕانەکـەی (ناتالـی سـارۆت) بـۆ زمانـی عەرەبـی ئاشـنای ئـەم جـۆرە بەرهەمـە ئەدەبییـە بوویـن.

**ئەنجام:**

١- سـەرهەڵدانی کورتیلـە چیـرۆک لـە سـەر ئاسـتی جیهانـی هەمیشـە گەڕێنراوەتـەوە بـۆ بەرهەمەکـەی (نەتالـی سـاروت) بـە نـاوی (انفعـالات) کـە لەسـاڵی ١٩٣٨دا بـڵاوی کردۆتـەوە، بـەڵام ئـەم مێـژووە کۆنـترە لـەم بـەرواره و یەکەمیـن کورتیلـە چیـرۆک لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ نووسـەری ئەمەریـکای لاتیـن (ئێرنسـت هێمنگـوای) کـە لـە سـاڵی ١٩٢٥دا یەکەمیـن کورتیلەچیرۆکـی بـڵاو کردۆتـەوە.

٢- زاراوەی (چیـرۆک) یەکەمیـن بەکارهێنانـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٨٩٣ کـە لـە فەرهەنگێکـی کوردی-عەرەبیـدا دەرکەوتـووە و بـۆ بەرهەمـی گێـڕدراوە بـەکار هێـنراوە، وەك یەکەمیـن بەرهەمـی هونـەری ئەدەبییـش بـۆ بەرهەمەکـەی (فوئـاد تەمـۆ) لـە گۆڤـاری (ڕۆژی کـورد)دا بـەکار هاتـووە.

٣- (قـەدری جـان) وەك یەکەمیـن نووسـەری کورتیلـە چیرۆکـی کـوردی جێـگای دەسـتی دیارە و مێژوویەکـی گرینگـی لـە ئەدەبـی کوردیـدا تۆمـار کـردووە و بەکاریگەریـی ئەدەبـی ئەوروپـی و فەرەنسـی لەگـەڵ یەکەمیـن دەرکەوتنەکانـی ئـەم بەرهەمـە لـە سـەر ئاسـتی جیهانیـدا، کورتیلـە چیرۆکـی کوردییـش لـە سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوودا دەرکەوتـووە.

٤- لـە ئەدەبـی کوردیـدا کێشـەی زاراوە هەیـە بەرانبـەر هەریـەك لـە چیـرۆك و کورتـە چیـرۆك و کورتیلـە چیـرۆك بەکارهێنانەکانیـان تێکـەڵاوە، پێویسـتە هـەر یـەك لـەم ژێرچەشـنە ئەدەبییانـە بەپێـی بنەمـا و بنیاتـی هونـەری لێـك جیـا بکرێنـەوە، چونکـە هـەر یەکـە لـە کورتـە چیـرۆک و کورتیلـە چیـرۆک بنەمـاو یاسـای تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، هەرچەنـدە دوو ژێرچەشـنی ئەدەبیـن و سـەر بـە چەشـنی چیرۆکـن.

**لیستی سەرچاوەکان:**

به زمانی کوردی:

پەرتووك:

-ئاگرین، عەبدوڵلا(د)، ١٩٩٩، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتەچیرۆکی کوردی کوردستانی عێراقدا(١٩٦١-١٩٧٠)، چاپی یەکەم، هەولێر.

-ئیسماعیل، ئەحمەد محمد، ١٩٧٨، ئەسپ، چاپخانەی دار الحریە، بەغداد.

-تەرەغە، محمد، ٢٠١٣، مینیمالیزم ژیانە، کۆمەڵێ نووسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

-جاف، حسن، ١٩٨٥، چیرۆکی نوێی کوردی، مطبعە علاء، بەغداد.

-حاجی مارف، ئەورەحمان(د)، ٢٠١٤، وشە رۆنان لە زمانی ك وردیدارێکخستن و پێداچوونەوەی د.نەریمان خۆشناو، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-حەسەن، محمد فەریق، ٢٠٠٥، تکایە دەست بە شیعرەوە بگرن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

-حەسەن، محمد فەریق، ٢٠١٢، ئەزموونی چیرۆک نووسین، چاپخانەی دەریا، سلێمانی.

-خاڵ، شێخ محمەد، ٢٠٠٥، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.

-دەوڵەت، مەریوان عمەر، ٢٠٠٦، قەدری جان ژیان و بەرهەم١٩١١-١٩٧٢، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

-رەسول، عیزەدین مستەفا(د)، ٢٠٠٢، قەدری جان ١٩١١-١٩٧٢، چاپخانە و ئۆفیسی ئاسا، سلێمانی.

-رەشید، سابیر، ٢٠١٦، ئاوێنە، چاپی دووەم، بێ شوێن و ناوی چاپخانە.

-شاکەلی، فەرهاد، ٢٠٢٠، گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: محمد خزری ئەقدەم، وەشانخانەی مادیار، سنە.

-عمر، موحسین ئەحمەد(د)، ٢٠٢٢، زایەڵەی یادەوەرییەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

-کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠٢١، کورتە چیرۆک و مەرجە هونەرییەکانی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

-کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠٢٢، چیرۆک چیە؟ ئەوەی پێویستە چیرۆکنووس بیزانێت، وەرگێرانی: محمد کەریم، زنجیرە دۆسیەکانی سەردەم(٨٠)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

-گەردی، عەزیز، ١٩٨٧، پەخشانی کوردی، چاپخانەی کۆلێجی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

-محەمەد ئەمین، دڵشاد، ١٩٧٨، بە پەنجەکانم دەتبینم، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی.

-مەستور، مستەفا، ٢٠١٤، بنەماکانی کورتەچیرۆک، وەرگێرانی: مەسعود خورشید صابیر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-هەرشەمی، شارسوار، ٢٠٢٢، فەرهەنگی ئیتمۆلۆژیای کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.

-هەژار، عبدالرحمن شەرەفکەندی، ١٣٨٨، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی-فارسی، چاپی شەشەم، انتشارات سروش، تاران.

نامەی ئەکادیمی:

-سەعید، ئازاد محمد، ٢٠٠٨، کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا ١٩٧٠-١٩٧٩، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

-محەمەد، ئیبراهیم قادر، ١٩٩٧، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠-١٩٨٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**ڕۆژنامەو گۆڤار:**

-جەلیزادە، قوباد، ١٩٨٧، شاری یاری، چیرۆکێکی کورتیلە، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژمارە ١٧١٨.

-جەلیزادە، قوباد، ١٩٨٩، ئەلبووم- کورتیلە چیرۆک، ڕۆژنامەی ئاسۆ، مانگی تەمووز، ژمارە ١٦.

به زمانی عەرەبی:

کتاب:

-احمد، عبدالالە، ١٩٦٩، نشاة القصة وتطورها فی العراق، ط ١، مطبعە شفق، بغداد.

-بردی، هیثم بهنام، ٢٠١٠، القصة القصیرە جدا فی العراق، ط ٢، دار رند للطباعە والنشر و التوزیع فی سوریا، سوریا.

-بردی، هیثم بهنام، ٢٠١٧، القصة القصیرة جدا، الریادة العراقیة، الجزء الاول، دار غیداء للنشر والتوزیع، عمان.

-الحسین، احمد جاسم(د)، ٢٠١٠، القصة القصیرة جدا مقاربە التحلیلیە، ط ١، دار للتکوین للتالیف والترجمە والنشر، دمشق.

-الخالدی المقدسی، یوسف ضیاءالدین پاشا، ١٣١٠، الهدیة الحمیدیە فی اللغە الکردیە، معجم کردی-عربی، حققە وقدم لە مع دراسات لغویە الاستاذ الدکتۆر محمد مکری، مکتبە لبنان، بیروت.

-الشارونی، یوسف، ١٩٧٧، القصة القصیرة نظریا و تطبیقها، دار

هـلال، قاهـرة.
-الشـارونی، یوسـف، ٢٠٠١، القصـه تطـورا وتمـردا، طبعـه ثانیـه، مرکـز الحضـاره العربیـه، القاهـرة.
-العـشری، فتحـی، ١٩٧١، انفعـالات، ناتالـی سـاروت، مطبعـة الثقافیـة، مـصر.
-حمـداوی، جمیـل(د)، ٢٠١٣، دراسـات فـی القصهـة القصیـرة جـدا، دار النـشر الالوکه.
-رشـدی، رشـاد(د)، ١٩٧٥، فـن القصـة القصیـرة، طبعـه الرابعـه، مکتبـه انجلـو المصریـة، قاهـرة.
-مکـی، طاهراحمـد(د)، ١٩٩٩، القصـه القصیـره دراسـات و مختـارات، الطبعـه ثامنهـة، دار المعـارف، القاهـرة.

**نامەی ئەکادیمی:**

-الطائـی، زینـب عبدالمهـدی نعمـه، ٢٠٠٢، القصـه القصیرهـة جـدا فـی العـراق ١٩٦٨-٢٠٠٠، رسـالة الماجسـتیر، جامعهـة بغـداد، بغـداد.

**ڕۆژنامەو گۆڤار:**

-بـن خویـه، رابـح، ٢٠١٩، القصهـة القصیرهـة جـدا فـی الادب العربـی-الجزائـر نموذجـا، مجلـه العلـوم الاجتماعیـه، المجلـد ١٦، العـدد ١.
-السـماوی، احمـد، ٢٠١٠، سـمات الکتابـة فـی القصـه القصیـرة جـدا (قـراءة تطبیقیـة)، الموقـف الادبـی، المجلـد ٤٠، العـدد ٤٧٠، سـوریا.
-الصـمادي، امتنـان عثـمان، ٢٠٠٧، القصـة القصیرة جـدا بـین إشـکالیة المصطلـح و وضـوح الرؤیـةة دراسـات العلـوم الانسـانیة والاجتماعیـه، جامعـة الاردنیـة، المجلـد ٣٧، عـدد١.
-المالکـی، عبدالحکیـم سـلمان(د)، ٢٠١٥، القصـة القصیـرة جـدا و المدخـل الـسردی، مجلـة شـمال جنـوب، عـدد ٦.
-حمـداوی، جمیــل(د)، ٢٠٠٩، القصــة القصیــرة جــدا تاریخهــا و رای النقــاد فیهــا، مجلــة أدب الاســلامي، عــدد ٦٣.

به زمانی فارسی:

کتاب:

-دهخـدا، علـی اکبر، ١٣٧٧، لغـت نامـه دهخـدا، جلـد هفتـم (خدیجـه-دودیـه)، چـاپ دوم، مؤسسـه انتشـارات و چـاپ دانشـگاه تهـران، تهـران.
-شریفی، محمد، ١٣٨٧، سرشنامه، چاپ دوم، انتشارات معین، تهران.

ڕۆژنامەو گۆڤار:

-لنگـرودی و دیگـران، عبدالعلـی آل بویـه، ٢٠١٩، القصـة القصیـرة جـدا بـین الأدبـین العـربي و الفـارسي، نظـرة إلـی نمـاذج مـن الکاتـب المغـربي «عبدالسـمیع بـن صابـر» و الکاتـب الإیـراني «جـواد سـعیدي پـور»، مجلهـة فصلیـة إضـاءات نقدیـة، السـنة ٥، العـدد١٨.

بەزمانی ئینگلیزی:

-Abrams & Harpham, M.H & Geoffrey Galt, 2011, a glossary literary terms, tenth edition, Michael Rosenberg, USA.

**ناونیشانی ئەلکترۆنی:**

-سـەجادی، بەختیـار(د)، ٢٠١٩، گێڕانـەی کـوردی لـە نێـوان واقعـی خـوازی و دژە واقعـی خوازیـدا،
(https://research.uok.ac:lr/-bsajadi)
-عقیلـة، أحمـد یوسـف، ٢٠١٣، نوئیـل رسـام العراقـي سـبق ناتـالي سـاروت في فـن القصـة القصـیرة جـدا،
(https://www.alnaked-aliraqi.net/article/20300.php)
Sustana, Chathrene, 2017, What is Flash fiction (https://www.academia.edu/22459792/What_Is_Flash_Fiction_Little_Stories_that_Pack_a_Big_Punch)

## خلاصة

**تأريخ نشأة القصة القصيرة و القصة القصيرة جدا في الأدب الكردي**

يعـود تاريـخ القصـة القصـيرة إلى قرنـين مـن الزمـان في جميـع أنحـاء العـالم وقبـل قـرن مـن الزمـان في كردسـتان. عـلى الرغـم مـن أن الـسرد لـه تاريـخ أقـدم، إلا أنـه تاريـخ القصـة الفنـي الجديـد عندمـا يكـون سردا، فـإن هـذا النـوع مـن الأدب لـه أنـواع فرعيـة أخـرى مثـل القصـة الطويلـة و القصـة القصـيرة والقصـة القصـيرة جـدا و القصـيرة القصـص.. إلـخ، في الأدب الكـردي، ظهـرت القصـة القصـيرة والقصـة القصـيرة جـدا، مثـل كل الأدب العالمـي، في وقتـين مختلفـين، كل مـن هـذه الفنـون ذات التأثـير الأدبي ظهـر الفولكلـور الوطنـي و الأدب المترجـم الأجنبـي لكـن كل مـن هـذه الأنـواع الفرعيـة الأدبيـة مـن الـسرد لـه هيكلـه الفنـي و أساسـه الفنـي، و هـي هويـة مختلفـة لـكل منهـا، القصـة القصـيرة الكرديـة الأولى هـي قصـة (لەخەومـا) ل(جميـل سـائب) نـشر في الجريدهـة (ژيانـەوە، ژيـان) عـام ١٩٢٥. القصـة القصـيرة جـدا الأولى هـي (هـاوار هەبـە گازی ل دوویـە) مـن تأليـف (قـدري جـان) في مجلـة (هـاوار) نـشرت وسـجلت تاريخـا هامـا للقصـة القصـيرة جـدا.

الكلمات الرئيسية :تأريخ القصة، القصة القصيرة، القصة القصيرة جدا، اساسة الفنى



# Abstract

**The history of short story and short short story in the Kurdish literature**

The history of short story goes back to two centuries in the world, and a century ago in Kurdistan. Although the narrative has an older history, it is the history of the new artistic fiction when it is a narrative. This genre of literature has other sub-genres such as the long story, the short story, the short short story, and the short stories, etc. In Kurdish literature, the short story and short short story, like all world literature, appeared at two different times. Each of these arts with literary influence appeared national folklore and foreign translated literature, but each of these literary sub-genres of narrative has its own artistic structure and artistic basis, and it is a different identity for each of them. The first Kurdish short story is the story (In my dream) by (Jamil Sa'ib) which was published in (zhyanawa, zhyan) newspaper in 1925. The first short short story is (Hawar Hahbeh Ghazi l Dowayh) written by Qadri Jan which was published in (Hawar) magazine in 1932 which has an important historical impact with regard to short short story.

Key Words: history of story, short story, very short story, technical basis